# چیرۆکی کوردی لە قۆناغی دوای ڕاپەڕیندا

## ( لێکدانەوە و بەراورد )

م. ی. بوشرا قادر کاکە محەممەد/ زانکۆی سلێمانی

**پێشەکی:**

چیرۆکی کوردی تا گەیشتۆتە ئەم ئاستە هونەرییەی، کە هەیە(مەبەستمان لەو چیرۆکانەن، کە بە شێوەزاری کرمانجی ناوەڕاست نووسراون) چەندین قۆناغی بڕیوە و لە هەر قۆناغێکیشدا گەشەی کردووە جێدەستی خۆیی جێهێشتووە ئەوسا پەڕیوەتەوە بۆ قۆناغێکی نوێ. ئەم قۆناغانە ئەگەرچی بە پێی دەیە جیا کراونەتەوە و پۆلێن کراون، بەڵام لە پۆلکردنییاندا کاریگەری کەشە سیاسییەکەی کوردستان هەمیشە بەسەر دابەشکردنەوەکانەوە هەبووە، وەك چۆن کاریگەری بەسەر ناوەرۆك و شێوەی چیرۆکەکانیشەوە هەیە. یەکێك لەو قۆناغانە قۆناغی نەوەد بە دواوەیە لە سەدەی پێشوودا، بە شێوە سنوورەدارەکەی و بە شیوە فراوانەکەشی قۆناغی دوای ڕاپەرینە، کە هەر لە ناوهێنانییەوە ئاماژەی بارە سیاسەکەش دەکات. ئەم قۆناغە خاوەن تایبەتمەندی خۆیەتی و ئێمە لەم توێژینەوەیەدا بەهۆی بەراورد و شیکاری چیرۆکی وەرگیراوەوە ئەو تایبەتمەندییانە دەخەینە روو.

**هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتەکە:**

هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتەکە، بۆ بایەخی قۆناغەکە دەگەڕێتەوە، کە وەرچەرخانێکی بەبەهایە لە نێو ڕەوتی چیرۆکی هونەریی کوردیدا، ئەم وەرچەرخانە هۆکاری تایبەتی خۆیی هەیە و لە خاڵی نەبووەوە سەرچاوە ناگریت، بەڵکو درێژکراوەی قۆناغەکانی تری چیرۆکی کوردییە، هەر بۆیە بە باشمانی زانی توێژینەوەیك لەو بارەوەیە ئەنجام بدەین.

**میتۆدی توێژینەوەکە:**

میتۆدی ئەم توێژینەوەیە، لەگەڵ میتۆدی شیکاری و وەسفی و دا هاوتا پشت بە میتۆدی بەراوردکاری بەستراوە، بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری بەمەست و بابەتە تیۆرییەکان.

**قۆناغەکانی چیرۆکی کوردیی**

ئەگەر لە قۆناغەکانی چیرۆکی کوردی بڕوانین، کە لە لایەن لێکۆڵەرانەوە پۆلێن کراوە، لە سەرەتاوە تا ساڵی حەفتاکان(١٩٢٥_١٩٧٠)، ئەوا دەبینین قۆناغگەلێکن، بوونەتە جێگای باس و

خواسی نووسەران و بە دیدێکی مێژوویی و شیکارییەوە کاریان لەسەرکراوە و چەند کتێبێك لەو بارەیەوە نووسراون. هەموویان لەسەر ئەوە کۆکن چیرۆکی هونەریی کوردیی درەنگ هاتۆتەئاراوە و لە چاو شیعردا ژانرێکی نوێیە. ئەگەرچی لە شێوەی ئەفسانە و حیکایەت و ڕاز وقەولدا پێشتر هەبووە، بەڵام بە شێوە هونەرییەکەی مێژوویەکی کۆنی نییە و هەر یەکەیان و سەرەتاکەی دەگەڕێننەوە بۆ چیرۆکێك و تا ئێستا بە شێوەیەکی دیار ساغنەبۆتەوە، کە چ چیرۆکێك بەسەرەتای چیرۆکی هونەریی ئەدەبی کوردی دابنرێت. ئەگەرچی زۆرینە کۆکن لەسەر چیرۆکی (لە خەوما)، بەڵام دەنگی دیکەشمان هەیە مێژووی چیرۆك بۆساڵانی بەر لەم چیرۆکە دەبەنەوە. لێرەدا گرنگە ئەوەیە کە هەر چیرۆکێك بێت پێویستی بە خوێندنەوەی نوێ و شرۆڤەی بوونیادیی و کارکردنە. ئیدی لایەنە مێژوویەکەی و ساغکردنەوەی کاری هەموو توێژەرێك نییە، کە باسەکەی بەلای چیرۆکدا بچێت و بیەوێت ئەویش شتێکی لەو بارەیەوە هەبێت بۆ وتن... دیارە زۆر قسە لەو بارەیەوە کراوە زۆرینەی ئەو باسانە دەنووسن، دێنەوە سەرەتای چیرۆك و هەموو قسەکانی پێشوو دووبارە دەکەنەوە و دواتریش چیرۆکیك وەك سەرەتا هەڵدەبژێرن، بە ڕای ئێمە پێویستە خۆمان لەمە بە دوور بگرین و بچینە سەر بابەتەکەی خۆمان و کار لەسەر قۆناغێك بکەین، کە لە ئەنجامی پێشکەوتنی چیرۆکی هونەریی کوردییەوە هاتۆتە ئاراوە و تەواوکەری قۆناغەکانی دیکەیە، چونکە ئەم قۆناغە وەك کۆکاری لەسەر نەکراوە و تاڕادەیەکیش بە بێدەنگی ماوەتەوە. لە کاتێکدا لە ڕووی چەندایەتی و چۆنایەتیشەوە گەلێك جیاوازە و جێی خۆیەتی ببێت بە کەرەسەی توێژینەوەیەك.

چیرۆکەکانی ئەم قۆناغە بە ڕووی دەرەوەدا وەك ئەزموون زادەی فەزا و ئەزموونێکن، لە مێژووی کورددا بە ساتەوەختێکی گرنگ دادەنرێت، چونکە لە لایەك بارێکە سیاسەت دەستی هەیە لە دروستکردنیدا، لە لایەکی دیکەشەوە بارێکە دەشێت، بە کرانەوەی ئەدەبیی ناوی ببەین، نەك تەنها لە ڕووی چیرۆکەوە، بەڵکو لە ڕووی هونەر و ئەدەبەوە بەگشتی. دیارە ئەمەش هۆکاری خۆی هەیە، چەندە لە ئەستۆی بارە سیاسییەکەیە، ئەوەندەش دەکەوێتە سەر باری فیکری و زەینی و دەروونی تاکی کورد لەو ماوەیەدا بە گشتی و نووسەر و ڕۆشنبیران بە تایبەتی. خودی ماوەکە لە هەر ماوەیەکی تری ناو ئەدەبی کوردیی بەرامبەر بە ئەفراندن و داهێنان هەستیارترە. دیارە بەڵگەش بۆ ئەمانە ئەو بەرهەمانەن، کە لەم ماوەیەدا بڵاوکراونەتەوە و زادەی بیر و ئەندێشەیەکن بە ئاگا لە ڕەوتی ئەدەبی جیهانی.

ڕەنگە بوترێت خۆ لە قۆناغەکانی دیکەشدا نووسەران بە ئاگابوون، ئێمە لێرەدا نامانەوێت باڵایی تەواو بدەین بەم قۆناغە و, ئەوانی دیکە بخەینە پەراوێزەوە، بەڵکو لەو دیدەوە دەڕوانین، لە هەلومەرجی هاتنەئارای چیرۆك لە دوای ڕاپەڕینەوە، بە جۆرێکە بەهۆی بارە رامیارییەکەوە وادەکات هەموو شتێك ڕەنگوڕوویەکی تر وەربگرێت. ئەمەش لەو خاڵەوە دەستپێدەکات، تێروانین بە گشتی بەرامبەر بە ژیان و بوون وکۆمەڵگاو نەتەوە گۆڕا. بێگومان بە گۆڕانی ئەمە تێڕوانینە کۆنینەکان بۆ ئەدەب و نووسینیش دادەماڵرێن و لە هەناوی ئەو بیرانەدا بیرێکی دی دێتە بوون، کە تەواو دەستی لە گۆڕینی ئەدەبی کوردیدا هەیە.

بەدرێژایی ئەزموونی چیرۆکی کوردی هەر لەسەرەتاوە تا ساڵی حەفتاکان (کە ئەمە بڕیاری ڕەها

نییه) چیرۆك له قەڵەمێکەوه دەکەوێتە خوار خاوەنەکەی هەڵگری تاکه ڕۆشنبیریەکە و لەوێوە دەنگی جیهانی پێدەگات. ئەویش ڕۆشنبیری زمانی عەرەبییە[1]. ئەم ڕۆشنبیرییە لە قۆناغی پێش چیرۆکدا لەلایەن شاعیرانی شیعری کۆنەوە، ڕۆشنبیری سییانەی (عەرەبی، فارسی، تورکی) بوو ئەمەش رەنگدانەوەی خۆیی هەبوو. بەڵام لە چیرۆکدا جگە لە چەند قەڵەمێکی دەستەبژێر (پیرەمێرد و...) بەتایبەت لە پەنجاکان بە دواوە ڕۆشنبیرییەکی عەرەبی باڵ بەسەر باشوردا دەکیشێت (وەك زاریش لە ڕووی کرمانجییەوە لە ڕۆژهەلات، رۆشنبیری فارسی، بەلام هەوڵەکان کەمتر بەرچاون) وەها رۆشنبیرییەك لە شوێنی خۆیدا پێگەی خۆیی هەیە و چیرۆکی تازە پێگەشتووی کوردی بە ئاقارێکی گونجاودا دەبات، بەڵام ناتوانین بیگەیەنینە وەها پلەیەك، تا خودی خۆیی تێدا بدۆزێتەوە. بە جۆرێك لە جۆرەکان وەك پاشکۆی ئەو ڕۆشنبیرییە دەردەکەوێت و ئەمە بە قۆناغەکانەوە ڕوون و ئاشکرایە. بە چەشنێك کە لە ساڵانی حەفتاکاندا چیرۆکی کوردی گۆڕانێکی تر وەردەگرێت بەهۆی تەوژم و بزوتنەوە ئەدەبییە عەرەبییەکانەوە. لەم بارەیەوە حەسەن جاف پێیوایە ئەو تەوژم و جوڵەیەی کەوتۆتە ناو چیرۆکی کوردییەوە لە ساڵانی حەفتادا جێگەی لەسەر وەستانە، بەڵام بەڕەچاوکردنی ئەوەی بزوتنەوەکە بە تەواوی ڕەسەن نەبووە، بەڵکو ((لاساییکردنەوەیەکی کرچ و کاڵی بێ بنکەی ئەدەبی عەرەبی بوو لە عێراقدا، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا شوێنپێ هەڵگرتنی هەندێ قوتابخانەی ئەدەبی بوو، کە لە لوبنان و میسردا سەریهەڵدابوو))[2] ئەم گوتەیەی حەسەن جاف زیاتر بزوتنەوەی ڕوانگە دەگرێتەوە و بەهۆی ئەویشەوە چیرۆکی ئەو قۆناغە، کە دەرەنجامی بارەکە و کۆی بزوتنەوە و بڵاوکراوەکانە. قسەکردنیش لەبارەی ڕوانگەوە وەك بزوێنەرێکی باشی ئەدەبی کوردی لە هەر سێ بواری (چیرۆك و ڕەخنە و شیعر) بەدیدە جیاکان، لێرەدا کاری ئێمە نییە، بەڵام تەنها دەتوانین بڵێین ئەو بزوتنەوەیە جێگای خۆی هەیە بەبارێکدا، بە بارێکی دیکەشدا ناتوانین بڵێین تەواو وەرگیراوی ئەدەبی عەرەبییە، بەڵکو سودوەرگرتنە لە ئەدەبەکە. وەکو پێشتر ئاماژەمان پێدا لەو ڕووەوەیە، کە ئەدەبی کوردی هەوای لە رۆشنبیری عەرەبییەوە هەڵدەمژی تا خۆی بە زیندوویی ڕابگرێت. بۆیە بەشتێکی ئاسایی دەبینین، ئەگەر لەژێر کاریگەری ئەو بزوتنەوە عەرەبییەشدا سەریهەڵدابێت، چونکە ئەمە تا ئەو ساڵانە بەردەوام دەبێت و لە قۆناغی دوای ڕاپەڕینەوە دەگۆڕێیت. نووسەران دەچنە تاراوگە و لە ڕۆشنبیرییە عەرەبییەکە دووردەکەونەوە، بە زمانە زیندووەکانی دونیا ڕۆشنبیری خۆیان تەواودەکەن، چیدی ناچارنین بەرهەمی نووسەرانی دونیا لە دیدی نووسەرانی عەرەبەوە ببینن، دیارە ئەم کرانەوەیەش کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر بەرهەمە ئەدەبی و فیکری و هونەرییەکان دەبێت. نووسەران چ لە تاراوگە و چ لە نیشتمان هەست بە لەنگی بارەکە دەکەن و لە هەوڵی هێنانە ئارای بارێکی دیکەدان تا چیرۆك دەربهێنرێت لە شێوەی پێشووی، چونکە لە سەرتاسەری قۆناغەکانی چیرۆکی کوردیدا چیرۆك ئەفرێنراوی خەیاڵێك بوو کاری لەسەر

---

١ لێرەدا مەبەست لە ناوچەی باشووری کوردستانە.

٢ حەسەن جاف، چیرۆکی نوێی کوردی، ١٩٨٥، ل٣٣

نیشاندانی واقیعی کۆمەڵایەتی (سیاسەت ئاویزان)ی کورد دەکرد، چیرۆك بە هۆکاریك دەزانرا تا دەنگی نووسەران بە خەڵك بگەیەنێت و، کاکڵەی بیرەکەیان بە ڕاستەوخۆیی دەربخەن لە نیشاندانی کەموکوڕییەکانی کۆمەڵ و کێشە هەنوکەیی و چارنەکراوەکان، لە لایەکی تریشەوە خودی چیرۆك ئەگەرچی لە ساڵی ١٩٢٩بوونێکی دیاری هەیە، بەڵام لە قۆناغی یەکەمیدا هێشتا ڕەنگ و ڕووی فۆلکلۆری لێ ڕانەماڵراوە و لە ڕووی هونەرییەوە بە شێوەیەکی سادەوساکاری چیرۆکی کوردی دادەنرێت، کە لە قۆناغی دەرکەوتندایە. چونکە بوونیادی هونەریی وەك پێویست پتەو نییە و زیاتر کار لەسەر بابەت و بیرکراوە و پرۆسەی نووسین بە کەناڵێکی هونەریدا گوزەر ناکات. بەومانایەی دەشێت بڵێین: ((بابەتەکانی ئەم سەردەمە و شێوەی نووسینیان، سەرجەم گێڕانەوەیە بە چەشنی یاداشتێکی ساکار خراونەتە بەرچاو))[٣]ئەوەشی کە بەها بۆ قۆناغەکە دادەنێت ئەوەیە لەلایەك, بەلای زۆرینەوە قۆناغی سەرەتایە و لەلایەکی دیکەشەوە, هەوڵێکە بۆ دروستبوونی چیرۆکی هونەریی کوردی، هاوتا ئەو ناوەڕۆکەیە، کە سەبارەت بە واقیعەکە هەڵگری بیرێکی ڕەخنەگرانەن. وەگەرنا ناشێت پێداگری بکەین لەسەر بە هونەریبوونی ئەم چیرۆکانە لە ئاستێکی باڵادا. بۆ نمونە لەم قۆناغەدا کە هەڵوێستە لەسەر (لەخەوما) دەکرێت، دەشێت لە دووبارە پێداچوونەوەیدا هەست بە کەموکورتییەکانی بکەین، لە ڕووی هونەریی و لە ڕووی داڕشتن و پلۆت و گێڕانەوەوە، بەڵام لەو دیدەوەی کە بە گیانێکی یاخیگەرانەوە دەنووسرێت ئەوا دەبێتە جێگەی سەرنج، چونکە ئەم دەقە کە کاری لەسەر دەکرێت پەیوەستی دەروونی خۆی دەکرێت و هەمیشەش هەقی پێدەدرێت بەو جۆرە نوسیوویەتی، لەبەر ئەوەی زیانلێکەوتووی ئەو دەمە بووە، ئەمە لە خوێندنەوەکەی جەمال باباندا بەدی دەکرێت لە کۆی کارەکەیدا، ئەگەرچی ((چەند هێڵی درشتی چیرۆکی تێدا ڕەچاکراوە))[٤] ئەمەشە دەیخاتە نێو پۆلێنبەندی چیرۆکەوە و نایکات بە ژانرێکی تری پەخشان یان ڕێپۆرتاژ و.. هتد، بەڵام بەگشتی زیاتر بۆ ئەوە دەشێت قسە لەسەر ناوەڕۆکەکەی بکرێت وەك چۆن جەمال بابان دەڵێت:((نرخ و هونەری ئەم کارە ئەدەبییە تەنیا لە دەرخستنی کەل و قوژبنی تاریك و هەردوو نشیو و گۆمە بۆگەنەکان و زەلکاوەکانی زەمانی شێخ مەحمود دایە و بەس، بەڵام زیاتر بەشێوەیەکی ڕۆژنامەچییانە و ڕیپۆرتاج))[٥]ئەم ناوەڕۆکەش بە ڕاستی نیشاندەری واقیعی تەواوەتی نییە و بە مەبەست دیاردە ناشرینییەکان تییدا زەقکراوەتەوە و خراوەتە ڕوو.. پاش ئەمە لەم قۆناغەدا مەسەلەی ویژدان و دوانزە سوارەی مەریوان و چەند چیرۆکێکی ترە، کە ئەوانیش هەر سەر بەو جۆرە نووسینەن، کە زیاتر ناوەڕۆك و بابەت زاڵە، بەلای تویژەرانەوە ئەمە گرنگە وشانازییە، ئەوەتا ئیحسان فوئاد دەنووسێت: ((ئەحمەد موختار جاف بە ناوەڕۆکی ئەم سەرگوزەشتەیە گیانێکی ئازادیخوازانە و شۆڕشگێڕانەی نیشانداوە بەمە دەچێتە پاڵی ئەو

٣ عومەر مارف بەرزنجی، لێکۆڵینەوەو بیبلۆگرافیای چیرۆکی کوردی ١٩٢٥\١٩٦٩، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا ١٩٧٨، ل٤٠

٤ هەر ئەو سەرچاوە، ل٢٣

٥ جەمال بابان، لە خەوما، جەمیل سایب، پێشکەشکردن و لێکۆڵینەوەی جەمال بابان، چاپی دووەم، ئاراس، هەولێر ٢٠٠٨، ل١٩

نووسەرانەی هاوچەرخی کە لەمەیدانی ڕەخنەگرتنی تیژی میراتی ڕزیوی دەرەبەگیدا، ئەسپی قەڵەمیان چاپوکانە تاوداوە..))[6] ئەوە لە قسەکەی ئیحسان فوئاد و تەنانەت حسێن عارفیشدا بەدیدەکرێت، ڕوانینە ئەدەبی بوونی ئەم دەقەیە لە ڕوانگەیەکەوە، کە بەهای خۆی لە ناوەڕۆکدا دەردەخات و لە چوارچێوەی چیرۆکدا نووسراوە، ئیدی ئەمە بۆخۆی بە لای ئەمانەوە گرنگە، چونکە ڕەخنەگرتن و یاخیبوون لە بری هەموو شتێکە. ئەمەش لەو دیدەوەیە کە ئەدەب بە نیشاندەری واقیع دەزانێت، ئەدەبیبوونەکەشی بۆیە گرنگە, چونکە ڕەخنە لە ڕژێم دەگرێت. حسێن عارف دەنووسێت: ((چیرۆکەکە وەك کارێکی ئەدەبی بە ئاشکرا و زۆر لەڕوو مەبەستی ڕەخنەگرتن و توانج بووە لە کاربەدەستە دز و بەرتیل خۆرەکان و لەگەڵیاندا بازرگانە چاوچنۆکەکان و دەرەبەگ و ئاغا خوێن مژەکان، کە ئەمە ئەنجامی تیرو توانج دەبەخشێ بەو ڕژێمەی دەسگای حوکمی بە دەستەوە بووە و لە کۆمەڵدا دەسەلاتدار بووە..)) حسێن عارف باسی کاری ئەدەبی دەکات، بەڵام دەستبەجێ ناوەڕۆك دێنێتەوە ئەمەشە دەبێتە سەلمێنەری قسەکەمان، کە بەهای ئەدەبیبوون لە ناوەڕۆکدایە.

چیرۆکەکانی تری نووسەران لەم دیدەبەدەر نین و دیسانەوە ئەوانیش وەك ناوەڕۆك گرنگن، کە هەڵگری سیمایەکی فۆلکلۆری و گوندەکین لە ناواخندا وەك فۆڕمیش گێڕانەوەی ئاساییبن. باسکردنی ئەم قۆناغە وەك سەرەتای چیرۆك و ڕوانین لە قۆناغەکانی تریش لەو سۆنگەیەوەیە، ئێمە بتوانین جیاکاری بکەین لە نێوان قۆناغی دەسنیشانکراو و سەرجەم ئەوانی تردا، دیارە ئەمش بە لەسەر وەستان و نیشاندانی نموونەکان دەبێت ئەوسا پەی بە جیاوازییەکان دەبەین.. قۆناغی دوای یەکەم تا ساڵانی حەفتا بەلای ئێمەوە بەگشتی سیمایەکی هاوشێوە و نزیکیان هەیە تا ئاستی یەك شێوەیی، قۆناغێکە چیرۆکنووسەکان وەك هونەری چیرۆکنووسین لە قۆناغی سەرەتا زیاتر دەچنە پێش، وەك ناوەڕۆکیش چوونە ناو کۆمەڵ و نیشاندانی بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی وەك (گیروگرفتەکانی ئافرەت، کڕوزانەوەی هەژار و زەبری دەرەبەگ، چەوسانەوەی ئافرەت لە سایەی ڕژێمی دەرەبەگایەتیدا، گوزەرانی تاڵ، مەینەتیەکانی ژیان، ڕەنج و تێکۆشان و ئاوارەیی..)[7] باس دەکرێت. چیرۆکنووسەکانی ئەم سێ دەیەیە چیرۆك بە زمانحاڵی باری هەبوو دەزانن و گەرەکیانە ببێتە ڕووبەرێك تا کێشەکانی تیدا نیشانبدرێت و دواجاریش چارەسەر بکرێت. واتە بزوێنەری سەرەکی بۆ نووسین، ئەو بیرە چنراوەیە وادەزانێت چیرۆکنووس بەرپرسیارە لە ئاست کۆمەڵەکەیدا پێویستە وەك ڕۆشنبیرێك هەڵوێست وەربگرێت. بەلای ئێمەوە ئەمە خاڵی پۆزەتیڤە، هەڵبەت بە ڕەچاوکردنی ئەدەبیبوونی دەق، بەڵام لەم قۆناغەدا فەرامۆشدەکرێت و چیرۆکنووس، ڕووبەری چیرۆکەکەی دەکاتە مینبەر و قسەی لێوەدەکات بەزمانێك، کە زمانی وەعز و ئیرشادە و ئامۆژگاری خوێنەرەکانی دەکات، کە بێگومان ((ئەم ڕێبازە بەرهەمەکە لە ڕووی هونەرییەوە لاواز دەکات و تاموچێژی چیرۆکی تیاناهێڵێت و خوێنەر بێزار و وەڕس دەکات، ئەو هاتووە بەرهەمێکی ئەدەبی

---

٦ ئەحمەد موختار جاف، پێشەکی و لێکۆڵینەوەی ئیحسان فوئاد، ئاراس، چاپی دووەم، ٢٠٠٨، ل١٢

٧ عومەر مارف بەرزنجی، بڕوانە دابەشکردنی قۆناغەکانی ١٩٣٨\١٩٥٠ بەم جۆرە کردووە

بخوێنێتەوە نەك خوتبە و ئامۆژگاری و قسەی نەستەقی بدرێت بەگوێدا))[8] هۆکاری ئەمەیش بەڕێژەی یەکەم بێئاگاییە لە چیرۆك وەك هونەرێکی باڵا و تایبەت کە چەندە ناوەڕۆکە (لە ئاستە کلێشەیی و سادەکەیدا کە وەك دەبینرێ لەم ساڵانەدا) ئەوەندەش هزر و ئەندێشەیە لە چوارچێوەیەکی هونەریی بونیادی پتەودا.

بەگشتی ئەم چەند دەیە خاڵییە لەم ڕووەوە تا ئەوەی دەگاتە ساڵی حەفتاکان، ئەوسا ئەم قۆناغە وەك دەمێکی نوێ چیرۆك تێیدا سەدایەکی دیکە دەداتەوە، ئەویش دیارە وەك وتمان بەهۆی ڕۆشنبیرییە عەرەبییەکەوە، کە دەنگی چیرۆکی دەرەوەی پێدەگەیەنێت و ئاگاداری کەموکورتییەکانی قۆناغەکانی بەر لە خۆی دەبێت، ساڵانی حەفتاکان بەگشتی جموجۆڵی ئەدەبی برەو دەسەنێت و چیرۆك تیایدا نەفەسێکی تر دەدات، بە چەشنێك کە قۆناغەکە دەبێتە جێگای سەرنج و وەك خاڵی زەقی ناو ڕەوتی چیرۆك دەردەکەوێت، ئەگەرچی زۆرترین قسەی لەبارەوە کراوە، وەك دەمێکی سەرلێشێواو و لاساییکەرەوە، یان وەکو نوێخواز و داهێنەر، بەڵام دواجار جێگەی خۆیی هەیە و چیرۆکەکانی لە ماوەکانی پێشوو جودان. دیارە ئەمەش بەهۆی ئەو تەکنیك ئارایییەوەیە، کە بە پرتاو دێتە ناو ژانرەکەوە و لەلایەن چیرۆکنووسەکانەوە وەك مۆدێل ئەزموونەدەکرێت، چونکە چیرۆکەکانی ساڵانی بەرلە حەفتا لەبەرگێکی حیکایەتخوانیدا چیرۆکەکانیان دەگێڕایەوە، وەختێکیش ئەم حیکایەتخوانییە لە کۆتایی خۆی نزیك دەبێتەوە لە حەفتادا و تەکنیکیی نوێ (بۆ کورد نوێیە وەگەرنا لە جیهاندا هیچ نوێ نییە) جێگای دەگرێتەوە، دەبێتە هۆی جۆرە سەنجڕاکێشانێك نووسەران و خوێنەرانیش سەرسامدەبن بەم تەکنیکانە و لایان دەبێتە داهێنان. لەم بارەوەیە حسێن عارف لێکۆڵینەوەیەك سەبارەت بەم ماوەیە دەنووسێت و ئاماژە بە شێوازی گێڕانەوەی ساڵانی بەر لە حەفتا دەدات و دەستدەخاتە سەر ئەو کەموکوڕییەی، کە لە چیرۆکەکاندا هەیە بەهۆی گێڕانەوەی ئاساییەوەکە بە درێژای چل و پێنج ساڵی لەوەو بەری چیرۆکی کوردی، تاکە تەکنیکی گێڕانەوە بووە جگە لە چەند هەوڵێکی تاکوتەرا نەبێت وەگەرنا چیرۆکنووسەکان بە گێڕانەوەی ئاسایی و پلۆتی مێژووی کاریان لە چیرۆکدا کردووە، بەڵام لە ساڵانی حەفتا بە دواوە ((ڕووکراوەتە گەلێك چیرۆکی تر کە لەوەو بەر زەفەریان پێنەبراوە و نەبوون بەمە شێوەی گێڕانەوە لەوە کەوت تاقە جۆری تەکنیك بێت تاقە ئامرازی دەستی چیرۆکنووس بێت بۆ داهێنان و خولقاندن لە کۆڕی ئەم هونەرەدا))[9] دیارە حسێن عارف و توێژەرانی تریش، کە تەکنیك بەلایانەوە جێگەی بایەخە، ساڵانی حەفتا بەدواوە بە ساڵی برەو وێنادەکەن، تا ئەو ئاستەی هەندێك لە توێژەران ئەم قۆناغە بە قۆناغی دەسپێکی چیرۆکی نوێی هونەری کوردیی دادەنێن وەك (سەلیم ڕەشید) ئەم قۆناغە بەهۆی گۆڕانگارییەکانییەوە بە قۆناغێك دادەنێت کە تەکنیك و شێوازگەری نوێ بۆتە هۆی جیاکەرەوەی ئەم دەمە ((ڕێبازی ڕوانگەییەکان بەهۆی تەکنیکەوە گەڕان بوو بەدوای شێوازی نوێی دەربڕیندا و چەندین تەکنیکی تازە هاتە ئاراوە،

---

٨ حسێن عارف، چیرۆکی هونەریی کوردی ١٩٢٥–١٩٦٠،چاپی یەکەم، دار الحریە، بغداد ١٩٧٧، ل١٨

٩ حسێن عارف، شێوەکانی تەکنیك لە چیرۆکی ساڵانی دوا ١٩٧٠دا، ڕۆشنبیری نوێ، ژ(٦٣)، ل٧

دەتوانین بڵێن چیرۆکی نوێی کوردیی لێرەوە دەستی پێکردووە))[10] وەك دەبینین تەماشاکردنی ئەم قۆناغە بەو چاوەوە کە دەستپێکی هونەری و باڵایی ئەدەب بێت لە لایەن هەندێك لە ڕەخنەگران و نووسەرانی دیکەوە دەکەوێتە بەر شرۆڤە، بۆ نمونە (ڕەئوف حەسەن) کار لەسەر هەندێك لە چیرۆکەکانی ئەو دەمە دەکات، پێیوایە لە ڕادەبەدەر کار لە تەکنیك و ڕەمزدا کراوە، لە ناو چیرۆکەکاندا بۆتە هۆی ونکردنی سیمای کودایەتی. ((نەك هەر ئەمە بگرە بە جۆرێك کاردەکرێت، کە تەواو نامۆیە بە خوێنەری کورد، گفتوگۆی کاراکتەر لەگەڵ بوونیادی کەسێتییەکاندا ناگونجێت، یان بوونیادی چیرۆك بە زۆر ئاڵۆزدەکرێت و پڕ دەکرێ لە گرێوگۆڵ، ئەمەش دیارە ڕووکردنە چیرۆکی بێگانەیە، تەئسیر و لاساییکردنەوەی نووسینێکی بێگانەیە... بەچیرۆك و ڕۆمان و هەروەها چەند مۆدێلێکی نوێی فەرەنسایی بە شێوی شەل و کوێر و سەقەت دەخزرێنرێتە نێو چیرۆکی کوردییەوە. نەك هەر زەوق و میزاجی چیرۆکی کوردی تێکداوە، بەڵکو لە ئاستی زەوق و میزاج و هونەری هیچ چیرۆکێکی بێگانەشدا نییە..))[11] تێڕوانینی ڕەئوف حەسەن بۆ چیرۆکی ئەو دەمە دیدێکی بەدبینانەیە و تەواوی چیرۆکەکانی ئەو دەمە دەخاتە ژێر پرسیارەوە. ئەگەر لە هەندێکیدا هاوڕای بین ئەوا ناکرێت بەشێوەیەکی گشتی لە ڕوانینی ئەوەوە تەماشای چیرۆك بکرێت، چونکە وەك زۆرێك لە نووسەرانی تری کورد چیرۆك بە باس و خواسی واقیع دادەنێن، کە باسی شایی و ڕەشبەڵەك و دیمەنە کوردەوارییەکان بکرێت، وەك چۆن لە دەمی بەر لە حەفتاکاندا ناواختی چیرۆکی قۆرغکردبوو، ئەمەش وەستان وچەقینە نەك لە واقیع بەڵکو لە مێژوودا و سەردەمی نویێ بیرو ناواخنی نویێ دەخوازێت .

لەم دەمەدا وەك کەلێنێك لە غیابی تەکنیکدا ئەمان ڕوودەکەنە تەکنیك و تا ئاستێکی دیار ناوەڕۆك فەرامۆش دەکەن و وەك دەمی پێشوو دەمێننەوە، واتە ((پرسیاری ئەم نەوەیە و دنیابینیان جیاواز نەبوو لە نەوەی پێش خۆیان ئەوەندەی جیاوازییەکەیان بردۆتە ئاستی تەکنیکەوە نەوەك مانا، چونکە ئەمانیش لە حەقیقەتێکی نەزانراودا نووسیویانە))[12] بەو مانایەی چیرۆکنووسەکان تاڕادەیەك نوێگەرییەکەیان لە تەکنیکدا بوو، ناوەڕۆکەکە لە باسی گوند و کێشەی ژن و ئاغا گۆڕابوو بۆ بابەتی ئەو دەمە و دیسانەوە بە چەشنێکی واقیع دەخرایەوە سەر ڕووی پەڕە.
ساڵانی هەشتا وەك دەیەیەك، کە تەواوکەری ساڵانی حەفتا تەماشادەکرێت، بگرە دەشێت وەك هێمنبوونەوەی ئەو تەوژمە لە پرە تەماشا بکرێت و بە مەینی هەڵپە و پەلەیی تەکنیك کاری دابنرێت. لەم ماوەیەدا چیرۆکی کوردی ئەو قۆناغە پرتاوەی بەجێهێشت و سیمایەکی پێگەشتوتری وەرگرت و بوو بە خاوەنی تایبەتمەندی خۆی.[13] ئەوەی دیارە کۆتاییەکەیەتی لە ساڵانی هەشتایە و چیرۆك دەگاتە پلەی خۆی، دوای ئەم قۆناغە قۆناغێکی تر دێت، لە ڕووی

---

١٠ سەلیم ڕەشید، شێواز لە کورتە چیرۆکی نوێی کوردیدا ساڵانی (١٩٨٠\١٩٩٠)،، ٢٠٠١، ل٦٦

١١ ڕەئوف حەسەن، خۆماڵێتی لە چیرۆکی کوردیدا، کاروان ٣، کانونی یەکەم، ١٩٨٢

١٢ عەتا محەمەد، جیهانی ڕاڤە نەکراو، سەردەمی ڕەخنە، ژ(٣)، ٢٠٠٦، ل٢٠٧

١٣ حەسەن جاف، چیرۆکی نوێی کوردی، ل ٣٤

چەندایەتی و چۆنایەتییەوە لە قۆناغەکانی تر جودایە، ئەویش دەمی ڕاپەڕینە. ئەگەر چیرۆکی کوردی لە سالآنی حەفتادا بە سەرەتای چیرۆکی هونەریی نویٚ دابنرێت، ئەوا دەشێت دوای ڕاپەڕین بە قۆناغێکی تر دابنرێت، کە چیرۆك دەبێتە مۆدێلیکی ئەدەبی گوزارشت لە جیهانبینی و بیر و ئەندێشەی نووسەران دەکات، لە پاش بارە ئالۆز و وەرچەرخانە جیاوازەکانەوە، ئەم قۆناغە دەبێتە نیشاندەری تێگەیشتن لە خودی هونەرەکە وەك بابەتێکی تۆکمە لە ناو ئەدەبیبوونی خۆیدا. نەك وەك ماوەکانی بەر لە حەفتاش ناوەڕۆك و بابەتی ئامۆژگاری دەبێتە مەبەست، نەوەك دوای حەفتاکانیش تەکنیك و ئالۆزی و سیمبولسازی، دەبێتە دروشمی چیرۆکنووسان، بەڵکو ئەو زەمینەیەی کە لە هەشتاکاندا هەیە دەبێتە هۆی پێگەیاندنی تێڕوانینێکی کراوەتر و جوانناسیانەتر بۆ چیرۆك و دەنگی هەشتاکان و نەوەدەکان پێکەوە چیرۆك بە ئاقارێکی تردا دەبەن. دیارە ئەمەش لە ئەنجامی ئاگایی نووسەرەوە لە کایە دەروونی و کۆمەڵایەتی و سیاسی لە ئاستی ڕۆژهەلآت و تا ڕادەیەکیش ڕۆژئاوادا، ئاگاییەك کە دواجار لە ڕووبەری چیرۆکدا هەستی پێدەکرێت و پەیی بەوە دەبرێت ئەم نەوە دەیانەویٚ پێی چیرۆك لە ناو ئەو واقیعگەرا و سیما گوندییەوە بێتە دەریٚ کە چیرۆکی سالآنی پێشوو تیایدا بوو. لەسەر ڕووانیکی تر بوونیادی بنێتەوە، کە ڕوانینی مرۆڤ گەراییە و بگەڕێنەوە بۆ نامۆبوون و ئالۆزی دەروونی تاك کورد وەك مرۆڤێك کە چۆن نەفەسی تەنگبووە لە ناو قورساییەکی ژیانیدا. بەواتایەکی تر چیرۆك لەم قۆناغەدا دەگەڕێتەوە بۆ لای تاك و لە چوارچێوەی پاراستنی ئەدەبی بوونیدا و فەرامۆشنەکردنی ئەوەی، کە نووسەر خەریکە بەرهەمێکی نەبوو دەئەفرێنیٚ نەوەك وێنەی واقیع بگریٚ. چیرۆکەکانی دوای ڕاپەڕین فرەڕەهەندن و بە شێوەیەکی گشتی بابەتی مرۆیین، چونکە بیرکردنەوەکان لە هاوشێوەیی دەرچوون و نووسینەکانشی ڕەنگدەرەوەی هزرو ئەندێشەیەکن، کە پەروەردەکراوی ناو جیاوازییە قوڵەکانە لەم قۆناغەدا لەگەڵ هەستیارترین چرکەساتی سیاسی و مێژووی کورد، ئەدەب لە سنووری ئەدەبی بووندا دەمێنێتەوە و سیاسەت و مێژوو دەباتە ناو ئەدەب و بەکەناڵی خەیاڵدا دەیگوێزێتەوە ئەوسا وەك تێکست دەیئافرێنێتەوە نەك ئەدەب بباتە ناو سیاسەت و مێژوو لە ئەدەبی بوونەوە بیکاتە دروشم کاری ئایدۆلۆژیا و واقیعگەرایی پەتی، دیارە خودی ئەدەبیش کار بۆ دووبارە خولقاندنەوە دەکات، بەو مانایەی یەکێك لە گرنگترین ئەرکەکانی ئەدەبیات، دەرخستنی شێوەکانی بەرهەمهێنانی مانایە، ئەو کردارەی کە لە بەرهەمە هونەرییەکانی دیکەدا زۆرجار بە پەنهانەی دەمێنێتەوە.[١٤]

١٤ بڕوانە: راجر وبستر، درامدی بر پژوهش نقریەی ادبی، ت. مجتبی ویسی، انتشارات سپیده سحر، چاپ اول، ١٣٨٠، ل ٨٩

لەم ماوەیەدا وەك پێشتریش ئاماژەمان بۆ کرد، لە ئاستی تاکدا وەك نووسەر، دەچێتە دەرەوە و نووسەران دونیابینی خۆیان لەسەر بنەمای خوێندنەوەی ئەدەبە جیاوازەکانەوە بوونیاددەنێن. بەمەش نووسینەکانیان، کە چیرۆکە لای ئێمە لە ڕووی بوونیاد و ناواخنەوە شێوەی هونەریی وەردەگرێت، لە ئاستی دیاردا، لە ئاستی نادیاریشدا کارکردن لە ناو چیرۆکدا، دەکەوێتە سەر تایبەتمەندی و ڕەهەندی خودیی، کە هەر نووسەری لەوانی دی پێ جیادەکرێتەوە.

لە ناو ئەم نەوەیەدا و لە تاراوگە، بەرهەمێکی وەها وەك پرۆسەیەکی ئامادەکراو لە ئاستێکی زۆر بالاْدا بەرچاو ناکەوێت، بەلاْم نکۆڵی لەوەش ناکرێت، کە چەند هەوڵێك هەیە وەك گۆڤارەکانی (ئازادی، یەکگرتن, پەیڤ, خەرمانە, چریکە..) و دواتریش دەستەی ڕەهەند، کە دیارە زیاتر لە ئاستی فیکردا کاردەکەن و چیرۆکیش فەرامۆش ناکەن لە شوێنی خۆیاندا هەوڵی گۆڕینی دیدە باوەکان دەدەن. سەبارەت بە تێکستی ئەدەبی ڕەهەندییەکان پێیان وایە، ڕۆژگارێکی زۆرە تاکە بۆچون و دیدگایەك هەیە لە ئەدەبی کوردیدا ئەویش ئەوەیە ((پێیوایە ئەدەب ئامرازێکە بۆ تەعبیر لە ئایدۆلۆژیایەکی دیاریکراو، دەبێ ملکەچ بێ بۆ بەرنامە و نەخشەی سیاسی ئەو ئایدۆلۆژیانەی دونیای کەلتوری ئێمە لە بیست ساڵی ڕابردوودا سیخناخ بوو بەم بۆچونە سەقەت وناموٚیە بە داهێنان و لەسەر هەمووشیانەوە بە دونیای ئەدەب..))[١٥] ڕەهەندییەکان باس لە هاوشێوەیی نەوەی پێشوودەکەن و لەسەر کارکردنی ئەو نەوەیە سەرنجدەردەبڕن کە بەدوای فەنتازیا و خەیاڵدا دەڕۆن و شتێکی تر لە هەناوی ئەدەبەوە دەخولقێنێت، کە جیاوازە لە گێڕانەوەی واقیعگەرایی ماوەکانی پێشوو، چونکە (..ئەم تێزە کاریکاتێرییە دەیەوێ ڕازیمان بکات بەو هەڵەیەی کە ئەدەب لە ئاوێنەیەك کە واقیع بێ ئومێدانە لە خۆیی ڕادەمێنێ شتێکی دیکە نییە))[١٦] بۆ بەرجەستەکردنی جیاوازی نەوەیەکی نوێ ژمارەیەك لە بلاْوکراوەکەیان تەرخان دەکەن بە دەقی ئەدەبی و بەشێکی دەبێتە چیرۆك کە بەرهەمی نووسەران (ئارامی کاکەی فەلاح، هەندرێن، ڕێبوار حەمە ڕەحیم، ڕێبین هەردی، شێرزاد حەسەن، عەتا محەمەد، فاروق هۆمەر)ی تێدایە، دیارە هەر یەکەیان دەنگ و تایبەتمەندی خۆیانیان هەیە. لە دەرەوە ڕەهەندیش ژمارەیەك بلاْوکراوە لە نێو بلاْوکراوە زۆرەکاندا ڕۆڵێکی کارا دەگێڕن لە بلاْوکردنەوە و ناساندنی بەرهەمی نوێی چیرۆکدا، وەك (گەلاوێژی نوێ، ڕامان، ئایندە(ئێستا)، کاروان، ئەدەب و هونەر، ڕەخنەی چاودێر..) هەڵبەت دەبێت ئەوەش لە یادنەکەین بە لێشاو دەرچوونی بلاْوکراوە و گۆڤارەکان، لە ناویاندا زۆربوونی بلاْوکراوە و پاشکۆ ئەدەبییەکان، تەنها بەخشەری سیمایەکی نوێگەر و داهێنەر بەم قۆناغە نییە، بەڵکو هاوکات لەگەڵیشیدا جۆرێك لە شلۆقی و نادروستی لەگەڵیدا دەبینرێت، لە هەر چەند ساڵێکدا چیرۆکنووسێك دەردەکەوێت و پاشتر نامێنێت، یاخود گەلێك دەنگ دەردەکەون و دەبنە ناو، کە ناکرێت بەرهەمەکانیان وەك چیرۆکی هونەریی لێی بڕوانرێت بەهۆی لاوازییانەوە. هەرچەندە

١٥ ڕەهەند، ژ(٣)، ساڵی ١٩٩٧، ناوەندی ڕەهەند بۆ لێکۆڵینەوەی ئەدەبی، ل٦

١٦ ڕەهەند، ژ(٣)، ل٧

خوێندنەوە و ڕەخنە لەسەر کارەکانیشیان هەبێت. بۆیە ئێمە لەگەڵ وردبوونەوە لەمانەدا، قسە لەسەر دەنگە جدییەکانی ئەم قۆناغە دەکەین و لەو سۆنگەیەشەوە بەراوردی دەکەین بە قۆناغەکانی بەر لە خۆی، ئەمە جگە لەوەی هەندێك چیرۆکی ئاست لاوازیش دەکەوێتە سنووری کارەکە.

وەك دەزانین لەهەر دەمیکدا، ئەو چیرۆکانەی پەخشدەکرێن مانای ئەوەنییە، هەڵگری خەسڵەتی هونەریی چیرۆك بن، ئەگەرچی ڕەخنە و خوێندنەوەشیان لەبارەوە بنووسرێت. ئەمە دیاردەیەکی باوی ناو ئەدەبیاتی دوای ڕاپەڕینە و لە نەبوونی ڕەخنەدا، پیاهەڵدان و شکاندن لە سنووری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا ڕوو لە ناو ئەدەب دەکات و چیرۆکیش دەگرێتەوە. خوێندنەوەی ئەم قۆناغە تاکوتەرا نەبێت بریتییە لە هەوڵی دۆستانەی ناو نووسەران و لە قاڵبی ئەدەبیدا قاڵ نابێتەوە، ئەمەش وادەکات خودی قۆناغەکە، هەرچەند لە ڕووی بەرهەمهێنای چیرۆکدا چالاك بێت، بەڵام لە ڕووی کۆ کارەوە لاواز بێت و تەنها لە گوتاری نێوان دوو نەوەدا بە هەڵپەسێراوی و گفتوگۆی بەردەوامدا بمێنێتەوە. نەوەی بەر لە ڕاپەڕین بەدبینن بەرامبەر بەماوەکە و نەوەی ڕاپەڕینیش، لە هەوڵی فەرامۆشکردنی پێش خۆیاندان.

**تایبەتمەندی چیرۆکی ئەم قۆناغە:**

چیرۆکی ساڵانی نەوەدەکان،[١٧] پێگەی خۆی لەسەر گەڕانەوە بۆ ناو مرۆڤ بوونیاد نا، بۆ یەکەمجار ئاڕاستەی گەڕانەوە لە قولاییە تاریك و نادیارەکانی ناخەوە بەرەو هێنانە گۆی تاك هەنگاوی هەڵنا. بایەخدان لە کۆ وە بەرەو تاك ئاراستەکرا، لە کۆمەڵبوون و بەهای پێکەوەبوون و پیرۆزی هاوبەشی گشتییەوە بەرەو دۆزینەوەی تاك چوو، کە ساڵانێکە لە ناو هەمووددا ونبوو. ئەمە بە جۆرێك پڕ ڕەنگ دەبێتەوە کە هانمان دەدات بڵێن لەم قۆناغەدا چیرۆك دەیەوێت مامەڵە لەگەڵ (من) دا بکات نەك (ئێمە)، ئەمەش بە مانای فەرامۆشکردن نایەت، خودی ئەم تاك گەراییە بەهاکەی لەوەدایە کە هەموو منەکان لە دواجاردا دەبێتە هۆی کەشفکردنی ئێمە کە تەواو پێچەوانەی کارکردنی ساڵانی بەر لە ڕاپەڕینە، ئێمە باس دەکرا وەك ئەوەی بڕیار درابێت مرۆڤ بوونی ئێمە لە کورد بوونماندا بێت، کورد بوونیشمان پێویستی بە گشتی بوونە، دیارە پێویستی بارودۆخی بەر لە ڕاپەڕین وای کردووە ئەدەب پاشکۆی هەموو بیرە سیاسی و نەتەوەییەکان بێت، بەڵام پاش ڕاپەڕین ئەدەب ئەدەبیوونی خۆیی لەهونەردا بینییەوە، چونکە پێشر لە ڕووی نەتەوەیی و کێشەی چارەنووسەوە خۆیی یەك لاکردبووەوە، سەرەنجام ئەم یەك لاکردنەوەیەش مرۆگەلێکی لێبەرهەم هاتووە بە هیچ جۆرێك ئامادەیی ئەوەیان نییە وەك مرۆڤێکی تەندروست بژین، پڕن لە نامۆیی و سەرلێشێواوی پاش کارەساتەکان. ئیدی تاکی کورد لێرەوە (خولە) نییە بەدەستە دەرەبەگایەتییەوە بناڵێت و دەستی (نازێ) بگرێت بۆ شار هەڵێت، یا گەلەکۆمە لە ئاغای دێ بکەن و هتد، بەڵکو تاکێکە لە ناو جیهانێکی گەورە و هوراودا هەست بە تەنهاییەکی قوڵ دەکات.

---

[١٧] بۆ وردەکاری لە بارەی ئەم قۆناغەوە سوود لەم سەرچاوەیە وەرگیراوە: بوشرا کەسنەزانی، پلۆت لە چیرۆکی کوردیدا ساڵی ١٩٩٥-٢٠٠٥، بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی ٢٠١٢ .

چیرۆکی بەر لە ڕاپەڕین زادەی بیرێکی ناسیۆنالیستی کوردییە، کار بۆ پاراستنی قەومییەتی کورد دەکات، کاتێك بەردەوام لە ژێر هەڕەشەی ئەوانی دیکەدایە، دەمێکە لە ڕووی پێویستییەوە دەبوو چیرۆکی کوردی پێدا تێپەڕیایە تا بەم ئاستەی بگات، بۆیە بە لای ئێمەوە لە مێژووی خۆیدا توانی زمانحاڵی بارێك بێت نووسەران لە بری چەك و شۆڕش قەڵەمیان خستە کار، بەڵام ڕەوانییە هەمان دید بۆ نەوەکانی پاش خۆشییان بخوازن، لەو قۆناغەدا (من)ەکان گرنگ بوون، کە ئێمەیان پێکهێنابوو، بەو مانایەی هێزێکی پتەو دێت کە پێویستی بە هاندانە تا بەرامبەر بە ئەوان بوەستێ، ئەمە وەك ململانێیەکی ناو ژیانی واقیعی و سیاسی بەردەوام بوو، تا لە لایەن نووسەرانەوە گوازرایەوە بۆ ناو چیرۆك، ئەوسا ڕووبەری چیرۆك بەدەرلە هونەریی بوون (حەفتاکان) پڕکرایەوە بەو بیرە ئایدۆلۆژیایەی پێگەی چیرۆکنووسی دیاریدەکرد لە ناو ئەدەبیاتی کوردیدا. چیرۆکنووس دەبوو بەرهەمەکەی گوزارشت بێت لە واقیع تا بەوە بچێتە ڕیزی شۆڕشکاران و خەمخۆرانی کوردەوە وبایەخ بە هەرشتێك بدات، کە پەیوەستە بە دۆخی هەبووی ئەو دەمەی (کۆ) وە. دیارە ئەمەش لەهەر یەك لە قۆناغەکانی مێژووی کورد لە دەمی پەیدابوونی چیرۆکیی هونەرییەوە بە ڕوونی دیارە و خۆی لە باسکردنی سەردەم و دەسەڵاتی هەبوودا دەبینییەوە یان لە باسی ژیانی کوردەواری و زوڵم وستەمی شێخ و ئاغا و دیاردە دزێوە کۆمەڵایەتییەکان هەموو ئەمانە دەنگی کۆ بوو، لادان لەم نۆرمەباوەی نووسین مانای لادانی دەگەیاند لە هەستکردن بە بەرپرسیارێتی بەرامبەر بە کێشە نەتەوەییەکان، هاوتا دەبوویە دروستکردنی دیدگای گوماناوی بۆ نووسەر، کەسێتی ئەو نووسەرە بەر تیروتوانج دەدرا، کە ڕووی لە بابەتیکی خودی کردووە یان باسی شتێکی کردووە لە دەرەوەی ئەو باسەی هەمووان کۆکن بۆ مۆدێلی نووسین، دەشێت ئەمە لە شیعردا(دڵدارەکەمی سەلاح شوان) بەرجەستەکەری بێت، لێرەوە دەبینین سیستمی کارکردنی ناو ئەدەبی کوردی لە دەمەکانی بەر لە ڕاپەڕین بە تایبەت دوای تێپەڕینی ڕۆمانسیەت و ڕووکردنی ڕیالیزم دەبێتە پیرەوکەری بیرێك، کە کار بۆ توانەوەی تاك دەکات لە ناو کۆدا، ئەم میتۆدەی کارکردنە بە ڕای بەختیار عەلی تاکی بەرهەمهاتوی ناو مۆراڵی ناسیۆنالیزمی، کار بۆ ستایشی ئەخلاقی گشتی دەکات و نەفرەت لە گیانی تاکگەرایی دەکات، بەردەوام هەوڵی کوشتنی ئەو تاکەی ناوەوەمان دەدات، کە دەشێت خواستەکانی ببێتە هۆی دەرکەوتن و دواجار ببنە لەمپەر لەبەردەم خواستی گشت و جەماوەردا و بە مەش ترازانی کۆی لێ بەرهەم بێت. خوێندنەوەی (بەختیار عەلی) بۆ ناسیۆنالیستی لەو ڕووەوەیە کە نووسەران و شاعیران (کارکردنی ئەو لە بارەی قانعەوەیە) وەك دەنگێکی ناسیۆنالیست لەزەمەنی ڕابردوودا، دەبنە قسەکەری ساتەوەختێك، کە بریتییە لە ساتەوەختی نائامادەگیی تاك، ساتێکە تاکی کورد توشی شەرمێکی قوڵ دەبێت لە تاکگەرایی و خواستە تایبەتییەکانی خۆی، ناتوانێ گوزارشتی لێ بکات، دیارە ئەمشە بە کۆی نووسەران و (لای بەختیار شاعیرانی نەوەی قانع) دەبوونە بوونیادنەری و تا ئێستاش ئێمە لە ناو دەرەنجامەکانیدا دەژین.[١٨] ئەم شێوە دەرککردنە بۆ چیرۆك لە ماوەی بەر لە ڕاپەڕیندا تاکە شێوەی

---

١٨ بەختیار عەلی، قانع و سەرەتاکانی سەرهەڵدانی مۆراڵی ناسیۆنالیستی، سەردەمی ڕەخنە، ژ(٢)، ل١١٨

بالأیە و بە جۆرێك لە جۆرەكان لە بازنەی پیرۆزی بیروباوەڕی گشتیدا دەبینرێت. دیدی نووسەرانی ئەو دەمە پاش ڕاپەڕین هەمان دیدی نەگۆڕ و وەستاوە لەسەر ئەو بنەما فیكرییەی، كە بۆ ناواخنی چیرۆك هەیان بوو. ئەو نەوەیە بە ئێستاشەوە ناڕازین لە بەرهەمی ئێستا و بە چاوی شێواوییەوە دەڕوانن، خواستی درێژبوونەوەی ڕەوتی خۆیانیان هەیە بۆ چیرۆكی كوردی، كاتێكیش ئەو خواستە وەك خەونێك پوچەڵدەبێتەوە، نائومێد دەبن بەرامبەر بە نەوەیەك، كە گەرەكیانە بەرهەمەكانیان مۆركی دەمێكی تری ناو ئاڵۆزییەكانی جیهانی پێوە بێت. (حسێن عارف) لە چاوپێكەوتنێكی دا جیاوازییە قوڵەكانی ئەم دوو نەوەیە، دەگەڕێنێتەوە بۆ بارە سیاسی و كۆمەڵایەتییەكە و ڕاستەوخۆ دەست دەخاتە سەر مۆدێلی باسی ناو چیرۆكەكان و ئاماژە بەوە دەكات، ئەو شتەی لە لای نەوەی خۆی پێگەی گرنگی هەبوو و چەقی بیرەكان بوو و كاری لەسەركراوە، لای ئەم نەوەیە فەرامۆشكراوە و وەك بابەتێكی فرە لاوەكی بۆی ڕوانراوە، تەنانەت لەمەش زیاتر دەڕوات و لە پیرۆزی دەدوێت :(( ئەوەی لای ئەوان پیرۆز بوو، لای ئەم بوو بە بێزراو، بگرە لای هەندێك ناپیرۆزیش. ئەوەی كە ئەوان ڕۆژانە و بە سەدویەك شێوە ئازاریان پێوە دەچەشت، لەلای ئەم نەوەیە نەبووە مایەی خەمخۆری و بە تەنگەوە هاتن))[١٩]. بیری حسێن عارف بەرهەمهاتووی ناو فەزایەكە وەك پێشتر ئاماژەمان بۆ كرد، كار بۆ ناسیۆنالیستییەك دەكات كە بكوژی دەنگی تاكە. بۆیە لێرەشدا قسە لە پیرۆزی دەكات و دەبێتە وتەبێژی ئەو نەوەیە و نەوەی دوای ڕاپەڕین بە نەوەیەكی بێ شوناس ئەژمار دەكات، لەبەر ئەوەی لە سنوورەكان دەترازێن و لە ناو بازنەیەكدا نابزوێن، كە سیستمێك بۆ هاوشێوەیی دیاری كردووە، بەڵكو نەوەیەكن گەڕاونەتەوە بۆ ئەدەبیبوون و چیرۆكیان لە ناو بەرگی پیرۆزی دەرهێناوە. وەك تێكست مامەڵەی دەكەن و هەر بابەتێكیش دەتوانێت ببێتە مۆدێلی كاركردن بەبێ ئەوەی قسە لە پیرۆزی گشتی بكرێت، چونكە سەردەمێكە بیرەكان كراوەترن بە ڕووی ئەو گۆڕانكاریانەی، كە نەك تەنها لە ناو ئەدەبی كوردیدا بەڵكو لەسەرتاسەری جیهاندا ڕوودەدەن، ئیدی ناشێ دوای بابەتێك لە چیرۆك بكەین كە كار لە سەر ئەخلاقیاتی پێكهاتووی ناو بیری نەوەیەكی تر بێت. بەدەر لەمانەش ناشكرێت ئەوەی ئەو نەوەیەی دوای ڕاپەڕین لە بیركردنەوە و نووسین گوتاری جیاواز دەردەخات، هەوڵێكی هەڵپەیی دەستكردبێت، بەڵكو خواستی گۆڕانكارییەكانی ئەو دەمەیە، خۆرسكانە وەها كەشێك دێنێتە ئاراوە كە بیركردنەوەكان ئاڕاستەی تر وەربگرن و لەگەڵیشیدا چیرۆكنووسان هەوڵی تێڕامان و وردبوونەوە بدەن لە ژانرە ئەدەبیانەی كە لە ناو چوارچێوەی ئایدۆلۆژیا و تەكنیك كاریدا فەنەسی گیرابوو، تا بتوانن بیخەنەوە سەر ڕێڕەوی ئاسایی چیرۆكبوونی خۆیی و فۆڕمی خۆیی پێ ببخەشنەوە، ئەمە بووە هۆی زیاتر توندكردنەوەی ململانێی نێوان نەوەكان و بەدحاڵی بوون لە بارەكە. تا ئەو جێیەی كە (حسێن عارف) بە كێشەیەكی دیاری ناو ئەو نەوەیەی دادەبنێت و بڵێت: ((بە ڕای من گرفتی هەرە گەورەی چیرۆكی نەوەدەكان، چونە دەرەوەیە لە بازنەوە بۆ بێ بازنەیی، واتە لە ئایدۆلۆژیاوە بۆ بێ ئایدۆلۆژیایی، كە خۆیان ئەمە نەك بە گرفت نازانن بەڵكو لە لایان مایە

---

١٩ حسێن عارف، دوو چیرۆكنووس لەبەر دەم ٥ پرسیاردا، ئاینده، ژ ٩٤ ، ل٩٦

شانازییه))[20] به گرفت ڕوانینی دەرچوون لەبازنە، لە لای حسێن عارف لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، کە دەڕوانێت نەوەیەك دەبینێت چیدی شۆڕش و هەوڵدان بۆ ڕزگاری و نەتەوەپەرستی و یان بە ڕوویەکی دیدکەدا بیری ئایدۆلۆژیایی شویعیانەوە ناروات، بە بێ ئەوەی بچێتەوە سەر ئەو ڕاستییەی، کە زەمەن تێپەڕیوە و پێویست ناکات ئەدەب دەنگی سیاسەت بێت، بەڵکو دەبێت هەستێت بەکاری خۆیی و ژیان بە جۆرێکی تر لە ناو چیرۆکدا بخولقێنێتەوە. بە ڕای ئێمە بە هەموو ئەو کەشە تاریك و ترسناکەی، کە باڵ بەسەر زۆر چیرۆکی ئەم قۆناغەدا دەکێشێت، هێشتا مەودایەك بۆ نیشاندانی ژیان هەیە. هاوتا ئەگەر نەوەی پێشوو بچێتە ناو کارەکانی ئەم نەوەیە، ئەوا دەبینێت زاڵی ئاستی چیرۆکەکان وای کردووە، هەست بە نەبوونی ئێمە و مەیلی کارکردن لە ناو نەتەوەخوازی دا ببینرێت. چونکە دواجار فیگۆری ناو چیرۆکەکانی ئەم نەوەیە، هەمان ئەو کوردەیە کە ساڵانی بەر لەڕاپەڕین لە شاخ بوو، بەڵام هەنوکە گیرۆدەی جەنگی ناوخۆیە و دەیەوێت دەبازبێت لە سنووری جوگرافیای نەتەوەکەی و، ڕوو بکاتە مەملەکەتێکی دوور. یان ئەو تاکەیە لە تاو جینۆساید و ڕاپەڕین هەست بە پوچی هەموو بوون دەکات. ئەوەی دەبینرێت هونەری بوونە لای چیرۆکنووسە دیارەکانی ئەم نەوەیە چڕە و مەودا بۆ ئامۆژگاری و دروشمسازی ناهێڵێتەوە، ئەمەش دەبێتە هۆکارێك نەوەکەی پێشوو بڕیاری بە پەلە لەسەر بەرهەمەکانی ئەم نەوەیە بدەن. وەگەرنا ئەگەر بڕواینە چیرۆکەکان دەبینین، زۆر بابەتی هەنوکەیی و بابەتی مرۆییانە باسکراوە لە چیرۆکەکاندا، هاوتا لایەنی هونەریی فەرامۆشنەکراوە (سێبەری جەنگ و کارەساتی یەك لەدوای یەك لە ناو چیرۆکەکاندا دیارە، بەڵام ئەم جارە جەنگ لە پیناو نیشانانی جەنگدا نییە کە دروشمی ئازایەتی و دلێری بێت، بەڵکو لە دیدی کاراکتەر یان کەسێکەوەیە کە هۆکاری ئەم بارەی تێیدایەتی جەنگە نەك هیچی تر. لە یەکێك لەو چیرۆکانەی بە ناوی (من و مارەکان)[21] لەگەڵ بابەتی هەبوودا کە منداڵێکە بە دەمی ڕابردوو شتەکان دەگێڕێتەوەو لە ئێستای گیرانەوەشدا هەست بە منداڵبوونی دەکەین، سەری بچوکی ئەو منداڵە پڕە لە وێنە و خەیاڵی دروستکراو، هاوتا لە پەیوەندیدایە لەگەڵ ڕووداوەکانی دەرەوی خۆی دا، دەمی ڕابردوو کاتی بەر لە ڕاپەڕینە و شوێن لادییە، لەگەڵ باسی لادێ و گێڕانەوی دیمەنە جیاوازەکان بە زمانی منداڵانە بە شێوەیەکی ڕووپۆشی هونەری باس پێشمەرگەکان دەکات و دواتر قسە لەسەر جەنگ و فرۆکە جەنگییەکانی دەسەڵاتی ڕژێم دەکات، بەڵام جۆری کارکردنەکە لە ڕەوتیکدایە کە چنینی هونەریانەی ڕووداوەکانی پێکهێناوە، خۆی دوورگرتووە لە باسی جەنگ ڕووداوەکانی ئەو دەمە بە زەقی.

یان باس لە کارەساتەکان دەکرێت وەك لە چیرۆکی(پاش ماوی خێڵەکان)[22]دا دەبینرێت، بە وردەکاری هونەرییەوە باس لە ئەنفال دەکات و زمانی گێڕانەوە لە خزمەت بیرێکدایە کار

---

٢٠ حسین عارف، دوو چیرۆکنووس ٥ پرسیار، ئاینده ٤٩، ل٩٦

٢١ ڕێبوارسیوەیلی، من و مارەکان، لە بڵاوکراوەکانی مەڵبەندی لاوانی میدیا، ١٩٩٨، چاپی کوردستان، سلێمانی ، ل٦

٢٢ عەتا محەحەد، پاشماوەی خێڵەکان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ١٩٩٩، ل١٤

بۆنیشاندانی کارەساتێك دەکات تەواوی قورسایی ئەو کارەساتە دەخزێنێتە ناو وێنە و پەسنی خوازەییەوە کە گەمەیە لە نیو واقیع و خەیاڵی نووسیندا.

**جیاوازی چیرۆکی ئەم قۆناغە لەگەڵ قۆناغەکانی تردا:**

بە ڕای ئێمە جیاوازی چیرۆکی ئەم دوونەوەیە لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، بابەت وەکو کەرەسەی خاوی واقیعی بەر لە ڕاپەڕین لە ڕووی ڕێکخستن و جوانکارییەوە، کە بەر لە ڕاپەرین بە پلۆتی ئەرستۆیی و وەك خۆی دادەنرایەوە تا ڕادەیەك تیایاندا کار بۆ ئەندێشاندن ناکرێت، ڕووداو بەو شێوەیەی هەیە دادەنرێتەوە و ڕێکخستن و ریزبەندی لە رووی تێکستدا دەکرێت، بەڵام خودی ڕووداوەکە و چۆنیەتی هەڵبژاردنی خستنە ڕووی وەك پلۆت بە سستی دەبینرێت، بەڵام لە لای نەوەی پاش ڕاپەرین، ئەم کەرەسە خاوە دەخرێتە بەر ئامادەیی ونەخشەوە ئەوسا بە کەناڵی ئەندێشەدا دەخرێتە سەر کاغەز و وەك چیرۆك بۆ خوێنەر دەنووسرێت. لەگەڵیشدا خوێنەر فەرامۆشناکات و لە دەرەوەی خۆی نایبینی، بەڵکو بە هێشتنەوەی مەودایەکی پڕ نەکراوە، لە ناو چیرۆکەکاندا و کلۆم نەدانی، خوێنەر دەخاتە سەر کەڵکەڵەی دۆزینەوە و، پەلکێشی ناو پرۆسەی نووسینی دەکات لە ڕێگای ڕاڤە جۆراوجۆرەکانییەوە. لە کاتێکدا لە چیرۆکەکانی بەر لەم قۆناغەدا، نووسەر خۆی بڕیاردەری سەرەتا وکۆتاییە و هەموو شتێکیش، لەسەر زاری ئەوەوە کۆتایی دێت. ئیدی خوێنەر کەسێکی دوور خراوە بوو، دەبوو ڕەزامەند بێت بەوەی کە نیشانی داوە، ڕەنگە بە نمونەی چیرۆکێك زیاتر مەبەستەکەمان ڕوون بکەینەوە.

چیرۆکی (کەشکۆڵی جادووی) حەسەن قزڵچی، چیرۆکەکە سەر بە دەمی ڕابردووە. زادەی قۆناغێکی مێژووییە، کە واقیع ڕەنگدانەوەی دیاری لەسەری هەیە. لە گێڕانەوەیەکی کورتدا چیرۆکەکە باس لە کەشی گوند و ژیانی بێگاریی و دەسەڵاتی ئاغا و کوێخا دەکات، کارکتەرێك بە ناوی وەیسەوە هەڵدەبژێرێت ڕووداوەکان لە پەیوەستی ئەو بە چواردەورەوە نیشان دەدات. چیرۆکە کە بە شێوازی گێڕانەوی ئاسایی مێژووی یەك لە دوای یەك دەگێڕێتەوە، وەك حیکایەتی نێو مەجلیس و بەرئاگردان باس دەکرێت و فۆرمێکی میللی هەیە و تەنها ئەوە جیای دەکاتەوە لە حیکایەت، کە سەرەتاکەی بە (هەبوو نەبوو کەس لە خوا گەورەتر نەبوو، یان دەگێڕنەوە) دەست پێنەکردووە، ڕاستەوخۆ دەڵێت((وەیسە و ناسکۆڵ تاقانەی دایك و باوکی خۆیان بوون، بە نازداری پەروەردەکرابوون، یارە و پیرۆتی باوکیان برایەتی خۆشبوو، چەندەهای ساڵ بوو، دڵی یەکتریان نەشکاند بوو..))[٢٣] ڕووداو وەك هێڵی ڕووداوی حیکایەت دەڕوات تا دەگەنە ڕازی بوون و زەماوەند، خوێنەر هەر چاوەڕێ ڕووداوێکە هێشتا هەواڵێك نییە تا ئەوەی دەگەنە هەژاری و باوکی و مامی دەمرن و خۆی دەمێنێتەوە بۆ ئەوەی نەبێتە بێگار خەریکی کاری تر دەبێت، ئیدی لێرەوە ڕووداو بەرەو هەڵکشان و گرێ دروست بوون دەچێ، بە شیوە زنجیرەییەکەی، تا لە ناکاو پیاوێك (ئینسان) وەك پیاوی ناو ئەفسان وحیکایەتەکان دەردەکەوێت کەشکۆڵێکی جادوویی پێدەدات،

---

٢٣ حەسەن قزڵچی، پێکەنینی گەدا، چاپی دووەم، بەغدا ١٩٨٥، ل٨٠

بەڵام ئاغا لێیدەسەنێت (لێرەوە لە واقیعەوە بەرەو ئەفسانە ڕۆیی)، کەشکۆڵەکە لێی نووسراوە (کشتوکاڵ) هاتەوە ناو واقیع وەیسە پاش، ڕامان بێتاقەتی دەچێت بۆ شار بۆ فرۆشتنی بەرهەمەکەی، لەوێ هەمان پیاو دەبینێت کە کەشکۆڵەکەی پێدا بوو، دیسانەوە کەشکۆڵێکی دیکەی دەداتێ لێی نووسراوە (زەوی بۆ وەرزێر و مەرگ بۆ دەرەبەگ) بەردەبێتە گیانی ئاغا و لە ترسا کەشکۆڵەکەی تری دەداتەوە و دواتر بە ڕستەیەك کۆتایی بە چیرۆکەکە دێنێ((وەیسەش بە تێر و تەسەلی ڕایبوارد و لە نانی گاڵ و پودە ڕزگاریبوو))[٢٤]. چیرۆکەکە سیمایەکی حیکایەتی میللی هەیە وەك چۆن دەوترێت، لە خاڵێکەوە باس دەکرێ تا دەگاتە ناوەڕاستەی و کۆتایی، ئەمەش هەمان پەیڕەی و هەیە بەتایبەت باریکی ئاسایی نائاسایی و دوای ئاسایی.. شێوەی ئەرستۆییە لە پلۆتسازی دا، بابەتی چیرۆکەکە گێڕانەوەی واقیعی کۆمەڵی کوردییە و لە ناکاو تێکەڵ بە ئەفسانە دەبێت، ئەفسانەکەش ڕەمزێکی کامڵ نەبووە وەگەرنا ئەویش تەواوکەری ئەو واقیعەیە کە دواجار حەسەن قزڵجی وەك هوتاف و دروشم دەریدەبڕێت، لەسەرەتادا هیچ ناڵێت، بەڵام لە پەرەگرافی کۆتایی دا هەموو شت دەدات بەدەستەوە و هیچ بۆ وتن نایەڵێتەوە و دەبێ خوێنەر بڕوا بەوە بێنێت، ئەمەش ئاساییە بۆ گێڕانەوە حیکایەتخوانییە میللییەکان (ساڵەهای ساڵ بە خۆشی و شادی ژیان) یان وەك دابەشکردنەوەکەی فلادیمێر پرۆپ دەچێتە ناو بەرە سی و یەك دانەییەکەوە، کۆی چیرۆکەکە بۆ وتنی ئەم دروشمەیە کە، دەڵێت: (( ئیتر جارێکی تر کشتوکاڵ لە وەرزێر و بۆرە پیاو داگیر نەکراو هەرکەس ڕەنجی شانی خۆی هی خۆی بوو))[٢٥]دیارە ئەمەش دەرەنجامی لێکدانی وەرگرتنی وشەی کشتوکاڵە کە لە دێ لەسەر کەشکۆڵێك دەدرێ لەلایەن پیاوێکی ئەفسانەییەوە لەگەڵ دەربرینی زەوی بۆ وەرزێر و مەرگ بۆ دەرەبەگ کە لە شار دەیەوێت بەوەی کە کشتوکاڵ لە دیدەکرێت و بیری ڕزگاری لەشار دەدرێت، ئەمە وەك ئاستی قوڵ یەکێکە لە جوانکارییەکانی چیرۆکەکە.




نمونەی چیرۆك بۆ نەوەی ڕاپەڕین، (کۆڵانە تەنیاکان)ی ئارامی کاکەی فەلاحە، چیرۆکەکە بە گێڕانەوەی مۆنۆلۆگ دەست دەپێدەکات و هونەریی بوونی خۆیی پاراستوە بەوەی گێڕانەوە لە گێڕانەوەی ئاسایی دەچێت و کەسێك قسە دەکات، بەڵام قسەکانی پچرپچڕن ((لە کاتی

---

٢٤ حەسەن قزڵجی، کەشکۆڵی جادوویی، ل ٩٣

٢٥ حەسەن قزڵجی، ل٩٣

کەوتنەکەیدا هەردوو دەستی خستبووە سەر دەموچاوی، لەوە دەچوو گریابێت.))[٢٦] لێرەوە دەزانین بارەکە هیچ بارێکی ئاسایی نییە تا ئاڵۆز بووبێ دوایی ئاسای بێتەوە، بەڵکو لە ئاڵۆزییەوە دەست پێدەکات کە شتێک ڕوویداوە ئەویش بە هەڵبژاردنی چرکەساتێک بۆ گێڕانەوە کە شتەکان ڕوویانداوەو هەموو شت لە چاوەڕوانی ڕووداودا ڕامان ناگرێت بەڵکو لە چاوەڕوانی (ئێ دواتر) دا دەمان هێڵێتەوە ئەمەش بەو هۆیەوە دەبێت، کە کوڕێکی سەمونفرۆش، ڕووداو، ڕووبە کەسێک دەگێڕێتەوەکە نازانین کێیە، پاشان دەزانیین قسەکانی ڕووبە وەستاکەیەتی و لە گەمەی گێڕانەوەدا ئەوە دەردەکەوێت. ئەمەش زیندوویی بەخشیوە بە چیرۆکەکە, چونکە هەموو شت لەلایەن چیرۆکنووسەوە نەنووسراوە کۆتایی نەهاتووە، بەڵکو بە کراوەیی شتەکان دەهێڵێتەوە بۆ خوێنەر.

بەسەرهاتی چیرۆکەکە باس لە کوڕێکی سەمونفرۆش دەکات کە سپێدانێکی زوو سەمونەکانی بۆ نافرۆشێت, چونکە تورەکەی سەمونەکەی دەخاتە سەر دەموچاوی, تەرمێک تا دەستەکانی خاو ببێتەوە بیبینێ. کەسی قسەکەر لەبەر دەم وەستایەکدا دەدەوێت, کە تەنها لە ناو چیرۆکەکەدایە و ئێمە نایبینین. بەهای ئەم چیرۆکە جگە لە مامەڵەیەکی جوانناسیانە لەگەڵ زمان و چینینی بیرەکە بە توانایەکی هونەرمەندانە. لەوەدایە پەیامی نووسەر لە کۆی چیرۆکەکەدا دەبێت بدۆزرێتەوە, نەک لە تاکە ڕستەیەکی بانگەشەیی دا ئەمەش بە کردنەوەی کۆد و سیمبولەکان لەلایەن خوێنەرەوە دەبێت کە خۆی لە ناونیشانی چیرۆکەکەوە تا سەر لەبەری گرێدانەوەی ڕووداوەکانەوە دەبینێتەوە، لەگەڵ کردنەوەی کۆدەکاندا یان شۆڕبوونەوە بە ناو چیرۆکەکەدا هەست بە فرە ڕەهەندی مەبەست دەکرێت. ئەمەش تایبەتمەندی چیرۆکی نوێیە، لە کاتێکدا لە چیرۆکی کۆندا, لە ئەدەبی کوریدا چیرۆک خەسڵەتی تاکە ڕاڤەیی هەبوو، وەك چۆن لە کەشکۆڵی جادوویشدا بە هەمان چەشنە، زەوی بۆ جوتیارە و سەردەمی ئاغا بەسەر چوو، بەهۆی هەستان و ڕاپەرینی جوتیارانەوە. بەڵام چیرۆکی کوڵانی تەنیاکاندا دەشێت پەیی بە چەندان خاڵی گرنگ ببەین، کە نووسەر دەخوازێت لە چوارچیوەی هونەری چیرۆکەکەیی دا باسیبکات. وەك ئەوەی بە جۆرێکی تر هەست بە سەردەمی پیشەسازی بکەین پەیوەندی نێوان کرێکار و خاوەن کار، بەبێ ئەوەی زەق بکرێتەوەو چیرۆکەکەی تیا قەتیس بکات، بەڵکو لە مۆنۆلۆگە نەفەس درێژیەکەی سەمون فرۆشەکەوە دەردەکەوێت، کە بەراوردی خۆی و وەستاکەی دەکات و دەڵێت: ((ئاخر وەستا من و تۆ لەیەك دەچین لە گرفتاریدا، بەڵام من سەرما تەزاندوومی و تۆ گەرمی بەر تەنور)) پاش کێشانی چەندان وێنە بۆ دەرخستنی جیاوازی نێوان خۆیی و وەستا، ئەودەم دەڵێت: من شەڕ لەگەڵ تۆ ناکەم. جگە لەمە بە ڕوویەکی تردا کار لەسەر ئەو تەنیایە قوڵە دەکات, کە سەردەمی نوێ بۆ مرۆڤەکانی بە دیاری هێناوە. ناونیشانەکەشی ئاماژەیە بۆ هەمان شت، تاکەکان لە تاو ماندووی و تەنهایی خۆیان نایان پەرژێتە ئەوی دی، هەر یەکە و تا بینە قاقای لە گرفتارییەکاندا نغرۆ بووە. کاتی نییە بۆ بیرکردنەوە لە تەرمێك, کە سپێدانێك سەرودڵی دەگرێت. لەگەڵ ئەمانەشدا، پەیوەندیەکی ورد دروست دەکات لە نێوان ژیانی ئەم تەنیایانە و بیرکردنەوە لە چواردەور. لە ڕێگای گێڕانەوی ئەمانیشەوە, دەچێتەوە

٢٦ ئارامی کاکەی فەلاح، بەیازی گوڵفرۆشێك، ل٤٩

سەر بارودۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی کورد، لە زاری کاراکتەرێکی زێوانەوە, کە دانیشتوی ئەو کۆڵانەیە قسە لەسەر چەمکی مەرگ لە نیو کۆمەڵگاکەماندا دەکات، کە چەندە کارەساتە ئەوەندەش بۆتە شتێکی ئاسایی ڕۆژانە، چونکە بەهۆی بینی رۆژانەوە ئەزموونی زێوانێك کەوەك پاسەوانی مردووان وایە، مردن دەبێتە دیاردەیەك، دەستی دەسەڵاتداران و پیاوانی خێڵ و نەفامان و چەقۆکەشان بەڕێوەی دەبەن و جیٚ بە ژیان لێژدەکات ((..ئەو خەڵکە پەیتا پەیتا تەرمەکانیانم بۆ دێنن، هی کوژراو..هی سوتاو..هی دلٚ وەستاو، مێشك تەقیو..لەشتەزیو، کچێکی گەنجی لوت بڕاو، ئافرەتی دووگیان وسیٚ گیان، ئەوی تریان لەسەر جوانی خوشکەکەی و دانەیەکی ترلەسەر حیزبەکەی، نووسەرێك لەسەر ئەوەی لە وتارێکدا نوسیبووی ئێمە دیالۆگمان نییە، ئەوانیش لەسەر ئەوە کوشتبوویان و وتبوویان چۆن نیمانە..))[27]هۆکاری کوژرانەکان لە زاری زێوانەوە ئەگەرچی هەندێکی لەگەلٚ ئاستی هۆشیاری زێوانەکەدا یەك ناگرنەوە، بەڵام شاراوەترە لەوەی وەك وتاری ڕۆژنامە نیشانیبدات لەو دیو چیرۆکەکەوە هەست بە توڕەیی و وروژاوی پێداگری نووسەرەکە بکەی بۆ ئەوی بە هەڵپە ئەوە بگات کە مەبەستی سەرەکیەتی.

هێنانەوەی ئەم دوو نمونەیە، لەو سۆنگەیەوە بوو, تا بتوانین باشتر قسە لەبارەی چۆنییەتی مامەڵەی چیرۆکنووس وەك هونەر و ئێستاتیکا لەگەلٚ چیرۆکەکەیدا بکەین. لە یەکەمیاندا فۆڕمی چیرۆك گێرانەوی ئاسایی حیکایەتییە بە هەموو تایبەتمەندی حیکایەتە میللییە جیهانییەکانەوە, کە هەموو نەتەوەکان هەیانە. بە جیاکاری ئەوەی بابەتی ڕۆژ وەك کەرەسە کاری تێدا کراوە, بە تێهەڵکێشی ئەفسانە. زمانی گێڕانەوە سادەیە و پڕ گوزارشت نییە، زمانێکی درێژەخوازییە بۆ گەیاندنی زانیاری. وشەکان وەك وشەی فەرهەنگی بەکارهاتوون و هەر یەکەیان هەڵگری تاکە مانای ڕووکاری خۆیانن. خوێنەر نابەنەوە سەر رووی قولٚ و خوێندنەوەی چیرۆك لە ئاستی ئاسۆییدا چەق دەبەستێت، چونکە خودی بەرهەمهێنان لە پێناو تاکە شتێکدایە و هەموو زمان و فۆڕم و بیر و ئەندێشە دەخاتە گەر تا ئەو شتە بڵێت، کە وتیشی ئیدی نووسەر دەستبەرداری هونەرییبوون و جوانکاری دەبێت. لە چیرۆکی دووەمدا گێڕانەوە بە دوو بەش ئەنجام دەدرێت، یەکێکیان کەسی قسەکەرە و سەرەکییە و بەشی دووەم کۆمەڵێك کەسن، بە هەردوو بەشەکە گێرانەوە وەك پرۆسەیەك دێننە بەرهەم. خودی چیرۆکەکە هەڵگری مانایەکی قوڵە و لە ئاستی ستوونیدا چەندان مەبەست و مانا دەئافرێنێت هاوتا بە هۆی دانەخستنی کۆتایی چیرۆکەکەوە خوێنەر دەخاتە سەر بیری تەواوکردنی چیرۆکەکەی کە ئایا وەستا کوڕەکە دەبەخشێت و ڕێگای کارکردنی دووبارەی دەدات یا نا.. بۆ ئەمەش دەق لە سنووری نووسین و لە ئامادەگی نووسەردا بەبیٚ تەواوکردن کۆتای دێت دەکەوێتە دەرەوەی نووسین و لە نائامادەگی نووسەردا, خوێنەر لە زەینی خۆیدا, بۆ تەواوکاری چیرۆکەکە, دەست بە بیرکردنەوە و ڕاڤە و سەرنجدان دەکات. بەمەش زیندووی چیرۆکەکە ڕادەگرێت.

---

٢٧ ئارامی کاکەی فەلاح، وێنەکان دووبارە دەبنەوە، ل٦٧




لەم چیرۆکەدا فۆڕم بە بایەخەوە تەماشادەکریت، لە کاتێکدا لە چیرۆکی (کەشکۆڵی جادوویی) دا فۆڕم بە هێند وەرناگیرێت، نووسەر مەبەستییەتی بیرەکەی بگات. چیرۆکی نوێ خۆی دەپارێزێت لە هێڵە ئاسۆییەی درێژدەبێتەوە بە شێوەی دەمی مێژوویی، بە جۆرێك کە بۆ چوونە ناو باسەوە، زەمینەیەکی دەسازاند پاشان بەرەو سەرەتا و ناوەڕاست دەچوو تا دروستکردن و کردنەوی گرێکە و کۆتایی، لە چیرۆکی نوێدا گەمەی زەینی و دیدە جیاوازەکانی گێڕانەوە، دەبنە فاکتەرێك تا بیرۆکەیەك وەك چیرۆکێکی پێگەشتوو بێتە بەردەمی خوێنەر ئەو هەستە نەدات بە خوێنەر کەسێکی بێ ئاگایە و دەبێت چیرۆکنووس لەشتەکانی بگەیەنێت، بەڵکو بەشداری بکات بە هۆی هێشتەوەی هەندی بەشی باس نەکراوەوە.

بۆ نمونەی چیرۆکی ساڵی حەفتاکان (بارام ناوێك هەبوو)[28]ی عەبدوڵلا سەراج وەردەگرین. گێڕانەوەی چیرۆکەکە بەشێوەی مونتاژە. ڕووداوەکەی باس لە ژیانی گوندنشینێك دەکات بە ناوی بارام، کاراکتەری سەرەکییە و چەقی چیرۆکەکەیە. بەهۆی ئەوەوە باسی کەشی گوند دەکات و دەسەلأتی ئاغای دێش دێتە نێو گێڕانەوەکەی. دەمی ڕووداوی چیرۆکەکە. دەمی دابەشکردنی زەوی و، بەخشینی مافی جوتیارە بە خۆی. ئاغای گوند کچێکی هەیە بە ناو خەجێ و لە پەیوەندی خۆشەویستیدان لەگەڵ بارامدا. بارام لەبەر ئەوە توانای چاکسازی نییە لە گوندا, هاوتا کۆمەڵەی جوتیارانیش کەسیان ناتوانن لەگەڵ پێکبێن و کێشەکانی دێیەکە چاك بکەن. بۆیە بڕیاری هەڵاتن دەدات لەگەڵ کچی ئاغا و ڕوو لە شار دەکەن. لەوێ بە کاری کریکارییەوە گوزەران دەکەن. ئەمە هەموو ئەو ڕووداوەیە, کە وەك کەرەسەی خاو هەبووە بۆ پلۆتسازی. گێڕانەوەکە بە شێوەی مونتاژە و کراوە بە پێنج بەشەوە (١.قوڕکاری، ٢.بەرو شار، ٣. زەوی دابەشکردن، ٤.جولأنەوەی ڕووە گرژەکە، ٥. کۆمەڵەی جوتیاران) ئەمانە هەر یەکە و وەك پارچەیەکی سەربەخۆی ڕووداوەکە وەهان، بوونیادی چیرۆکەکەیان پێکهێناوە. لە ڕوی گێڕانەوەوە، کاتێك پارچەکان دەخوێنینەوە هەست بە یاریکردن دەکەین بەو پارچانە، بە چەشنێك کە سەرتاپای چیرۆکەکە, وەك پارێکی گەورە. لەت لەت کراوە بۆ چەند پارچەیەك, پاشان شوێنی پارچەکان گۆڕاوە، بەمەش چیرۆکنووس ویستویەتی چیرۆکەکەی, لە گێڕانەوەی ئاسایی بپارێزێت و لە نێو تێکستەکەیدا نوێکاری بکات، بەڵام مەخابن پرۆسەی نوێکارییەکەی لە ڕووکەشدا چەقی بەستووە و نەبۆتە چنینێکی هونەریی

٢٨ عەبدوڵلا سەراج، بارام ناوێك هەبوو، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا ١٩٨٢، ل٤٠

جوانی ناسییانه، چونکە ئاڵوگۆڕکردنی پارچەکان بەم شێوەیە ((زەوی دابەشکردن، جوڵانەوەی ڕووە گرژەکە، کۆمەڵەی جوتیاران، بەرەو شار، قوڕکاری)) بێ ماندووبوونی خوێنەر و ڕامان لە گێڕانەوە، ڕووداو ڕێڕەوی ئاسایی خۆی وەردەگرێت و دەبێتەوە بە فۆڕمە ئاساییەکە. لەنگی ئەمەش لەوەدایە ڕووداوەکان تێهەڵکێشی یەك نین و پارچەی سەربەخۆی جیاکراوەن پاش نووسین بەشێوەی ئاسایی بڵاوکراونەتەوە پێگەیان گۆڕاوە. بیری چیرۆکەکە وەك بەشێکی چیرۆکەکانی ساڵانی حەفتا باسکردنی کێشەی گوند و ئاغا و جوتیارە، بە جیاوازی ئەوەی لەم چیرۆکەدا کێشەی چیرۆکەکەی کەشکۆڵی جادوویی چار ناکرێت و کاراکتەر لەبری چارەسەر هەڵدێ و کچی ئاغا ڕەدووی خۆی دەخات. واتە کارکردنی چرۆکنوس بۆ نیشاندانی ڕووی گوند و کارەساتەکانی ناو دەسەلاتەکانی ئاغایە کە هەنوکە وەکو خۆی ماوەتەوە(لەو دەمی نووسینەدا).

ئەم چیرۆکە ئەگەرچی دەمی دوای حەفتایە و بەر لە ڕاپەڕینە، بەلام لە ڕووی کارکردنییەوە وەك بیرو بابەت کەشکۆڵی جادوویی تێنەپەڕاندووە. تەنها ئەوە نەبێت وەك هەر چیرۆکێکی تری ماوەکە خۆی کار لەسەر فۆڕم کراوە. کاتێك هەوڵی لادانی فۆڕمەکە و سەرلەنوێ ڕێکخستنی ڕووداوەکان دەدەین چیرۆکەکە لەبەردەم تاکە ڕاڤەیەکدا دەمانهێڵێتەوە.

ئەو هێڵانەی باسمانکرد بەرجەستەکەری ماهییەتی چیرۆکن و لەگەڵ ئەو ناساندنەدا, یەك دەگرنەوە کە (تۆدۆرۆف) بۆ هونەری گێڕانەوە(حیکایەت وەك نمونە) کردوویەتی, بەوەی کە هەر چیرۆکێك لە بارێکی نائاسایی پایەداردا, دەست پێدەکات و بە هۆی هێزێکەوە, کە دەکەوێتە ناو بارەکەوە, هاوسەنگییەکە لە ناو دەبات. بەهۆی کردەوەیەکەوە لەلایەن هێزێکەوە ئەنجام دەدرێت سەر لەنوێ هاوسەنگی بۆ بارەکە دەگەڕێتەوە. هاوسەنگی دووەم هاوشێوەی یەکەمە، بەلام ئەم دووانە بە هیچ جۆرێك یەك نین.[29] ئەوەی تۆدۆرۆف باسی دەکات, بەو مانایە دێ کە هەمیشە لە چیرۆکدا, بارێکی ئاسایی جێگیر هەیە، بەلام ئەم بارە بە هەر هۆیەکەوە بێت, بەم شێوە نامێنێتەوە توشی گرژی و ئاڵۆزی دەبێت و بەمە ئارامی و ڕیتمی خۆی لە دەست دەدات، بەلام لە دەستپێکی تەواو نییە و شلۆقییەکە لە قاڵبێکەوە دەگاتە کۆتایی و بارە ئاساییەکە دروستدەبێتەوە.

بە وردبوونەوە لە ڕاڤەکان، هێڵی چیرۆکەکە دەبینین هەر بەو شێوەیەی کە باسمانکرد هەر سێ چیرۆکەکەش لەم خاڵەدا یەك دەگرنەوە و، دواجار لە ڕووی بیر و ئاڕاستەی کارکردنی هونەر و ئەندێشەوە ڕێڕەو دەگۆڕن. لە چیرۆکی یەکەمیاندا چیرۆکەکە بەلای ناواخنی ئایدۆلۆژیادا دەکشێتەوە، ئەمە لە فرە ڕاڤەیی ڕادەماڵێت، چونکە ((بەشێوەیەکی گشتی لەو بەرهەمانەدا کە هەڵگری بیرێکی ئایدۆلۆژین، لە یەك مانا زیاتر بەرهەم نایەت))[30]ئەم جۆرە بەرهەمانە لە ڕەوتی مێژوودا دەمێننەوە ناتوانن زەمەن ببەزێنن، چونکە نووسراوی دەمی خۆیان و هونەریی بوونیان توانایەکی وەهای نییە بیگەیەنێتە داهاتوو.

---

٢٩ تزوتان تودوروف، بوگیقای نپر، ت.انوشیروان گنجی پور، نشر نی، تهران ١٣٨٨، ل٦٧

٣٠ ابو تراب خسروی، حاشییەای بر مبانی داستان، نشر پالپ، ١٣٨٨، ل٢٠

چیرۆکی دووەم کارکردنە لەسەر بابەتێکی واقیعی تا ئاستێك وەك خۆی نیشاندراوەتەوە. چیرۆکی یەکەم بەشێوەی پەیام و ئامۆژگاری دەمێنێتەوە، ئامادەیی چیرۆکنووس لە ناو چیرۆکەکەدا بۆتە هۆی ئەوەی هەست بە دروشمەکەی بکەین و، تەواو بزانین ئەو نووسەرە و ئێمەیش خوێنەر. دەنگ دەنگی وەگێڕی هەموو شتزانە و لە بڵنگۆیەکەوە قسە دەکات بۆ ئێمەی هیچ نەزان. ئەم بارە لە حیکایەتە پەندئامێز و قەول و ڕازە کۆنەکاندا دەبینرێت و مێژوویەکی دێرینی لە جیهاندا هەیە. تەنانەت لە زۆرێك لە چیرۆکە کلاسیکیەکانیشدا دەبینرێت, بەو شێوەیەی کە لە ناو ڕەتە ئاساییەکەدا، ڕووداوێك فیزیکی یان دەروونی ڕوودەدات و ئارامی سەرەتا یان خۆشبەختی و خو پێوەگرتن و ژیانی ئاسایی ڕۆژانەی کەس, یان کەسانێك ڕووبەڕووی گۆڕان دەبێتەوە، لە نێو ڕەوتی ڕووداوەکاندا کەسێتییەك یان چەند کەسێتییەك ڕووبەڕووی کێشە دەبنەوە (وەك وەیسە) دوا ململانێیەکی زۆر چیرۆکەکە دەگاتە ترۆپکی خۆی(کەشکۆڵێکی جادوویی دەست کەویٚ و ئاغا لێی دەسەنیٚ) لەم میانەدا هەموو شتەکان دەخرێنە خزمەت کردنەوەی گرێکە (کات, شوێن, ڕووداو) پاشان وەك تەقینەوەیەك شتەکان ئاسایی دەبنەوە، لە کۆتایشدا چیرۆکنووس پەیامی خۆی وەك ئامۆژگاری و پەند دەردەبڕێت.[31]

چیرۆکی سێیەم دوورەپەرێزە لە زاڵی بیری ئایدۆلۆژی و وجودی نووسەر بەئەندازەیەك تیایدا کاڵە هەستی پێناکرێت و چیرۆك لە پێکهاتەی خۆیدا بیرو ئەندێشەی دەخاتە ڕوو, بێگومان ئەمەش تایبەتمەندی چیرۆکی نوێیە و لەگەڵ خۆیدا ئەنجامسازی و پەندو ئامۆژگاری لاداوەو جوانناسی و بەدەستهێنانی ژێری جوانناسیانە پڕ ڕەنگ بوونەوە, بە جۆرێك کە ((ئەمڕۆ نووسەر نەك لە ناو دێڕەکانی چیرۆکەکەدا بەڵکو، سپێتی نێوان دێڕەکانیشدا بوونێکی شاراوەی هەیە و لە ئەنجامدا دەرفەتێکی بۆ قسەکردن و پەند و ڕوونکردنەوە نییە))[32].

ئەنجام:

لە ئەنجامی توێژینەوەکەدا دەگەینە ئەوەی, چیرۆکەکانی پاش ڕاپەڕین بە بەراودکردنی قۆناغەکانی تری چیرۆکی کوردی, هەنگاوێك لەبەرتر و نوێخواز ترن, لە ئاستی ناوەرۆك و تەکنیك و شێوەی داڕشتن و حیکایەتخوانییەوە. چیرۆك لەم قۆناغەدا دەبێتە دەنگی تاك و مرۆڤی کورد و, بەهای گرنگی دان بە کەس وەك مرۆڤ دەردەکەوێت نەك, وەك تاکی ناو کۆی نەوەی کورد. ئەمەش بە بەکارهێنانی تەکنینك و چوارچێوەی نویٚ, کە هاوتا ڕیٚ بکات لەگەڵ تێما و ناواخنی چیرۆکەکاندا. تا لەو سیما حیکایەتی و فۆلکلۆرییە بێتە دەرەوە و, لە باسی دروشمی و سیاسیەوە, ببێتە باسی مرۆیی و کێشەی دەروونی کەسی کورد.

---

٣١ شهريار مندنی پور، کتاب ارواح شهرزاد، چاپ اول، تهران ١٣٨٣، انتشارات ققنوس، ل ٣٠٢

٣٢ شهريار مندنی پور، کتاب ارواح شهرزاد، ل٣٠٣

**سەرچاوەکان:**

**کتێب:**

**أ. بە زمانی کوردی**

١. ئارامی کاکەی فەلاح، بەیازی گوڵفرۆشێك, سوێد.

٢. ئارامی کاکەی فەلاح، شەڕە سپییەکان(کۆدیدار)، بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاو کردنەوەی سلێمانی، ٢٠٠٩.

٣. ئەحمەد موختار جاف، پێشکەی و لێکۆڵینەوەی ئیحسان جاف، ئاراس، چاپی دووەم، ٢٠٠٨.

٤. بوشرا کەسنەزانی، پلۆت لە چیرۆکی کوردیداساڵی ١٩٩٥-٢٠٠٥، بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی ٢٠١٢ .

٥. جەمال بابان، لە خەوما، جەمیل سایب، پێشکەشکردن و لێکۆڵینەوەی جەمال بابان ، چاپی دووەم، ئاراس، هەولێر ٢٠٠٨.

٦. حەسەن جاف، چیرۆکی نوێی کوردی، ١٩٨٥.

٧. حەسەن قزڵچی، پێکەنینی گەدا، چاپی دووەم، بەغدا ١٩٨٥.

٨. ڕێبوارسیوەیلی، من و مارەکان، لە بڵاوکراوەکانی مەڵبەندی لاوانی میدیا، ١٩٩٨، چاپی کوردستان، سلێمانی

٩. سەلیم ڕەشید، شێواز لە کورتە چیرۆکی نوێی کوردیدا ساڵانی (١٩٨٠\١٩٩٠)، ٢٠٠١.

١٠. عەبدوڵڵا سەراج، بارام ناوێك هەبوو، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا ١٩٨٢.

١١. عەتا محەمەد، پاشماوەی خێڵەکان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ١٩٩٩

١٢. عومەر مارف بەرزنجی، لێکۆڵینەوەو بیبلۆگرافیای چیرۆکی کوردی ١٩٢٥\١٩٦٩، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا ١٩٧٨

**ب. بە زمانی فارسی**

١. ابو تراب خسروی، حاشییەای بر مبانی داستان، نشر ثالث، ١٣٨٨.

٢. تزوتان تودوروف، بوگیقای نثر، ت.انوشیروان گنجی پور، نشر نی، تهران ١٣٨٨.

٣. راجر وبستر، درامدی بر پژوهش نظریەی ادبی، ت. مجتبی ویسی، انتشارات سپیده سحر، چاپ اول، ١٣٨٠

٤. شهریار مندنی پور، کتاب ارواح شهرزاد، چاپ اول، تهران ١٣٨٣، انتشارات ققنوس.

**گۆڤار:**

١. بەختیار عەلی، قانع و سەرەتاکانی سەرهەڵدانی مۆراڵی ناسیۆنالیستی، سەردەمی ڕەخنە، ژ(٢).

٢. حسێن عارف، دوو چیرۆكنووس لەبەر دەم ٥ پرسیاردا، ئاینده، ژ ٩٤ .

٣. حسێن عارف، شێوەكانی تەكنیك لە چیرۆكی ساڵانی دوا ١٩٧٠دا، ڕۆشنبیری نوێ، ژ(٦٣).

٤. حسێن عارف، چیرۆكی هونەریی كوردی ١٩٢٥-١٩٦٠،چاپی یەكەم، دار الحریه، بغداد ١٩٧٧.

٥. ڕەئوف حەسەن، خۆماڵێتی لە چیرۆكی كوردیدا، كاروان ٣، كانونی یەكەم، ١٩٨٢

٦. ڕەهەند، ژ(٣)، ساڵی ١٩٩٧، ناوەندی ڕەهەند بۆ لێكۆڵینەوەی ئەدەبی.

٧. عەتا محەمەد، جیهانی ڕاڤە نەكراو، سەردەمی ڕەخنە، ژ(٣)، ٢٠٠٦.



**خلاصة:**

عنوان البحث عن (( القصص الكردية بعد الانتفاضة)), ركزنا في هذا البحث على المراحل التى مرت بها القصة الكردية و مكانة القصة في هذه المراحل, بعد ذالك توقفنا على مرحلة مهمة و اللتى تعد نقطة التحول في القصة الكردية و ركزنا على السبب وراء اختلاف هذه المرحلة و ذلك عن طريق شرح الخلفية التى انتجت فيها القصص و اللتى جعلت اتجاه القصص في هذه المرحلة مميزا عن المراحل السابقة على الرغم انه يعد امتدادا لها. و تحول من الحديث عن السياسة الى الحديث عن الانسانية و القصص أخذت شكلا جديدا من حيث الجوانب الفنية والجمالية، بحيث اصبح هناك تناغم و انسجام بين المحتوى والشكل و مستوى القصص تحولت من كونها شعبية إلى شكل فني. في الأطروحة اتينا بنماذج بعض القصص التي يعود تاريخها الى ما بعد الانتفاضة و قمنا بمقارنتها مع غيرها من القصص في المراحل قبل الانتفاضة، و ركزنا على الفرق بينهم من حيث التوصيف، وخلق الأحداث، والتصنيف، والخيال والجانب الجمالي.

**Summary:**

The title of my thesis is "the Kurdish Stories after the Uprising." In the thesis I have concentrated on the phases of the Kurdish stories and presented their position in different times, afterwards I have focused on a phase that is considered the turning point of the Kurdish stories and focused on the reason behind its importance, explaining how the background of these stories made their direction different from the stories of the previous phases though it still they are the extension of those of the previous phase' direction, and regarding the content it shifted from evolving around politics to human beings and they took a new form in terms of technical and aesthetic aspects, at which there is harmony between content and form and the stories converted from folk to a more artistic form. In the thesis I presented examples of some stories that date back to after the uprising and compared to other stories from stages before the uprising, I focused on their differences in terms of characterizations, creating events, classification, imagination and their aesthetic aspects.